رەزا سەیدگوڵ بەرزنجی

# دیوارێکی دوور

## چیرۆک



ئەمینداریتی گشتی ی رۆشنبیری و لاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە

١٩٨٤

162 posts | 11.8k followers | 5 following

Promote | Edit profile

**پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚**

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsl...

Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq






Scanned with CamScanner

چیرۆک

# دیداریکی دوور

ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی

١٩٨٤

Scanned with CamScanner

# پێشکەش

پێش کەشـــە بە :

بەشـــــدار ••

یەحیـــا ••

هێمـــن ••

شـــارا ••



Scanned with CamScanner

# بەشـــی یەکەم

«١»

لەم دواییەدا بەتەواوەتی باری قورس ببوو ٠٠ لەسەر کات‌و وەختی خۆی بوو ، ئەگەر بۆی بلوایە کەلکی هەستان‌و دانیشتنی نەمابوو ٠ کە دەڕۆیشت دەستی دەکردە پشت بەسـت بۆ پشتی ، تا بتوانێ بەلای کەم تۆزێ بار سەنگی بڕبڕەی پشتی بدات ٠ کە داش‌دەنیشت ئەگەر کەسێکی وای لێ دیـار نەبوایە قاچەکـانی درێژ دەکرد ٠ هەر کەسێ چاوی پێ بکـەوتایە دەیـوت دوانـەی پێیە ٠٠ سەرەڕای ئەو هەموو ئازارە زۆر لەخۆی رازی بوو کـە لەم چەند رۆژانەدا دەبێتە دایـك ٠

تەنیایی شەرمی پێ دەشکاند ٠٠دەستی بەسکی خۆی دادەهێناو ئەم سەرو ئەوسەری دەکرد ، وەکو یەکێـك کـۆرپـەکـەی بلاوێنێتەوە . گەلێ جاریش لەگەڵ خۆیدا دەیوت :ــ

ــ وەختە قاچی لە پێستی سکم بێنێتە دەرێ ٠٠ دەبێ کـوڕ بێ بە ناڕەحەتی لە کوڕی ئەم زەمانە دەکات ٠

کە لەچوار دیواری خانووو حەوشە بێزار دەبـوو بەنەرمـە رۆیشتن خۆی دەگەیاندە قاپی حەوشەو چاوی‌بەکەلاوە خانووەکان دەکەوت ، کە هەندێکیان توانیبوویان خۆیان بەرامبەر رێژنـەی



Scanned with CamScanner

بارانو رەشەبای دەشتی گەرمیان رابگرن ٠٠ دیواری کەلاوەکان هەندێکیان بە چەند بستێك و هەندێکی تریشیان بەبەژنی زەلام کەمتر لەزەوی‌دا هەڵسابوونەوە ٠ تێ‌روانینی لە کەلاوەکانـدا قسەی وریای مێردی هێنایەوە یاد،کەچەند جار بۆی باس‌کردبوو:

[ دێ‌کەمان لەکاتی خۆیدا دێ‌یەکی گەورە بوو ٠٠ بە عومری منیش نەبووە بەڵام ئەوانەی کەماون زۆر جار گێڕاویانەتەوە کە لە پەنجا ماڵ کەمتر نەبووە ، بەڵام زوڵمو جەوری(٠٠٠)هەمووی دەرپەڕاندنو دەستیان بەسەر زەویو زارەکانیان دا گرتووە ] ٠

ئەو پشتەی دابوویە دیـواری قاپی‌یەکـە حەسانەوەیێکـی خستبووە بەر ٠٠ چاوی بەردەوام بەسـەر کەلاوەکانەوەبـوو ، کـەلاوەکـان لـە پێش چـاوی‌دا دەبـوونـەوە خـانـووی تەواو ، زاقو زیقی مناڵو هارەهاریان ٠٠دەنگی گایەل٠٠حەپە حەپی سەگ خۆیان لەپەردەی گوێی دەدا ٠ چەند جار پێڵوەکانی تروکاند ٠٠ هەمـان کەلاوەو بێ‌دەنگـی لـەپێش چـاوی زەق بوونەوە،هەستی بە ماندوویی قاچەکانی کرد، وەرچەرخایەوە ، ورده ٠٠ ورده حەوشەکە قووتی دایەوە ٠ لەدوورەوە چاوەکانی مێردەکەی قۆزتەوەو لەبەرخۆیە وتی :

ـ دیارە لەقاپی‌یەکـەی ئەودیو هاتۆتـە ژووری ٠٠ گوێـم لەدەنگی مەکینەکەش نەبووە ٠

گەیشتە لای‌و پێی وت :

ـ خوا قووەتت بـا ٠

٥

ـ بەدایکی کوڕان بێت •

زەردە خەنەیێك نیشتە دەمو چاوی‌و خوێنی تێزانەوە سەر ڕوومەتەکانی •• ڕووەو کوندەلانەکە ڕۆیشت ، کۆمەڵی مەلەشیڕو مریشك فێنکی ژێر کوندەلانەکەیان کردبووە شوێن هەڵنیشتنیان ، جامی دۆی دایێ•• مەڵی قوڕاتەی بە پشتی دەستیشی دەمی سڕیەوەو ڕووەو سێبەری عەمبارەکە ڕۆیشت ، سەگەکەش لەو ناوەدا دەهاتو دەچوو کلکی بادەدا •• زمانیشی تەواویك دەرهێنابوو هنکە هنکی بوو ، لە سێبەری دیوارەکەدا وەرکەوت •

کەلاوێژ وردە •• وردە لەکوندەلانەکەوە ڕووەو موویەقەکە ڕووی •دووکەڵ لە قاپی‌و دەلاقەکانەوە تووڕەدرایە دەرەوە ، بن میچەکەی دووکەڵێکی ئەوتۆی هەڵسیبوو لەڕەشیدا دەبریقایەوە ، لەبن میچەکەش بۆ خوارەوە دیوارەکان بەقەدەر ای چوار پێنج بست دووکەڵ سواقی دابوو •

دنەکەی چەند جار لەوێوە ڕووەو زووڕەکانو ئەم سووچو ئەو سووچی حەوشە گەورەکە هاتو چوو • خۆریش بەنیسوەی ئاسمانەوە بەرەبەرە دادەبەزی •• گەرمایی کەمتر دەبووەوە • خۆر لەدەقەکەیان دوور دەکەوتەوە سێبەری خانووی ڕۆخ چەمەکەش بۆ خوارەوە شۆڕبووەوە • دووکەڵیش بەرەبەرە کەمتر دەبووەوە •

مێلاکیو شەکەتی ئەو دەشتە بەوڕیاوە دیاربوو.کە هەڵسایەوە

رووناکی خۆر بە تەواوەتی لە حەوشەکە دەرچوو بوو ڕووەو چەمەکە دابەزی ‎.. دەستنوێژەکەی تازەکردەوە ، کەڕایەوە قازو مراوی‌یەکانی پێشەخۆ دابوو ، نەوەك لەبیربکرێن‌و ببنە خۆراکی چەقەڵ .

نوێژ کرا ‎.. چێشتی گەرم دەخوراو گیزەگیزی سەماوەریش لەلایێکی سەکووەکەدا دەهات ‎.. کزەبایەکەش بۆنی ڕشاندنی سەکووەکەی دەگەیاندە لوونیان .

تەگبیری بەیانی‌کرا . هیلاکی‌و بارگرانی گلاوێژی ڕەوانەی سەر جێگاکەی کرد .

دوای نوێژی شێوان وریا لەتەك ژنەکەیدا ڕاکشابوو ، پێی وت :

ـ بەیانی بۆ شتەکان دەچمە شاری ، ئەگەر خوا هیچ موقەدەر نەدا دوای نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە ، نازانم چیترت پێویستە ؟

ـ ئەوانەی پێم‌گوتی هەر ئەوەیە .

ئازاری پشتی نەیدەهێشت بکەوێتە جێگا ، جومگەکانی قاچیشی دەیان تریواند . دەستی خستە بەر موسڵدانی کەمێك بۆ سەرەوەی هێناو رووی لە مێردەکەی کردو وتی :

ـ ئارام ناگرێ وەختە قاچی لە سکم بێنیتە دەرەوە . ئەمیش دەستی خستە سەر سکی هەستی بە ڕاتەکانی سکی دەکرد :

ـ نا هەقت نی‌یە ، شتێکی ئەوەندە ئاسان نی‌یە .



Scanned with CamScanner

«٢»

خۆر تازە خەریك بوو تیشكی لەریزە شاخی (هەرمێ ژیلان)و شاخی (قولەكان) بۆ دەشتی گەرمیان ئاودیو دەكرد كە وریا لە ماڵەوە دەرچوو ، رووەو چەمی پێش ماڵان دابەزی ‥ ریگەی پیادەی گرتە بەر ‥ لەبوارەكەدا قاچی دەخستە سەر ئەم بەردە بازو ئەو بەردەبازە لەگەڵ تەپەی پێیدا وردە ماسییەكانی دەورپشتی بەردەبازەكان دەڕەوینەوە · پەڕییەوە ‥ چاوی بڕییە جادەكە، گەیشتە بەرامبەر گۆڕستانی دێ ، فاتحایەكی بۆ چاكو پیران خوێند،ئاواتی رزگار بوونی ژنەكەی لێ خواستن، وەكو یەكێ بەتەمای شتێ بێ بەدوای خۆیدا چەند جارێ ئاوڕی لەدێكەیان دایەوە · نشێوییێك قووتیدا ‥ هەورازێك سەری خستەوە ، رەشایی جادەكەی لێ بەدیاركەوت ، بۆ دواجار كە ئاوڕی دایەوە تەنیا لقو پۆپی دار توووەكەی پێش حەوشە خۆیان لە چەقی بینینیدا ·

لەرۆخ جادەكەدا ڕاوەستا ، چاوی دایە شاخە خڕكەڵانەكەی ئەوبەر ، روانینی لەتاشە بەردێكی سەر شاخەكە گیربوو ·

ـ دەڵێی شتێكی بەسەرەوەیە ! ؟

وەرچەرخایەوە ،نیگای چاوەكانی بڕییە ئاقاری دێكەیان‥ هیچی بەرچاو نەكەوت ، هەستی بەدڵ تەنگییەك كرد ، قەدەرێ

روانی‌یە ئەو شوێنەی کە دێکەیانی قووت دابوو • وەرسووڕا ـ یەوە •• چاوی لەهەمان شوێندا گیرسایەوە ، بـــۆ ئەوبـــەری جادەکە پەڕی‌یەوە •• یەك دوو هەنگاویشی لە خۆڵە سوورەکی ماوێشـــت •

ـ تەیـــرە •

بەردێکی تێ‌گرت •• هەڵفڕی •• لەسەر گا بەردێکی نزیکتر نیشتەوە •

ـ ئاه •• کوندەبەبووە •

پەڕی‌یەوە ، دەیویست لەبیر خۆی بباتەوە ، دەستی لەماشێنێ بڵند کرد •• سواربوو ، لە پەنجەرەی ماشینەکەوە سەیرێـــکی کردەوە • قسەی ژنەکەی لەگوێدا زرنگایەوە :

[ئەوانەی پێم گوتبووی هەر ئەوەیە ••• ئارام ناگرێ وەختـــە قاچی لە سکم بێنێتە دەرەوە]

خۆی لەبیرکرد •• ماشینەکـــەش بە بەردەوامی لە شـــارە بچکۆلەکەدا نزیك دەبووەوە •

## « ٣ »

شارە بچکۆلانەکە لەسەرە ڕێی نێوان شاری نەوتو شاری شێخ محمود بوو ، گردەکانی (بانیمەقان) لەخوارووویدا ملیان بەسەر زەوی‌دا هەڵکێشابوو ، لە ڕۆژ ئاوایشەوە دەشتی ناوچەی شوان راخسترابوو ، لەسەرویشەوە جادەکە ملی درێژ کردبووەو بە شێوەیێکی خوارو خێچو بەرزو نزم تاملی دەنایە دەربەندی (بازیان)و چاوی بە (بەردە قارەمان) رەش دەکرد ، لەلای رۆژ هەڵاتیشیەوە هەڵەتو پەڵەتێکی سەخت دایگرتبوو کە شوێنی چەندەها ئازایەتی‌و قارەمانیەتی بەسەرەوە بەجێ مابووەوە •

جادە سەرەکی‌یەکە شارە چکۆلانەکەی کردبووە دوو کەرت ، لەم بەرو لەو بەری جادەکە ریزە دوکان گرتبووی • بیست سی عەرەبانەی دەستی شت فرۆشتنیش جێی خۆیان کردبووەوە ، شتێکی ئەوتۆیان لەدوکانەکان کەمتر نەبوو • گەلێ جار وارێ دەکەوت شت لەدوکانەکاندا دەست نەدەکەوتو بەڵام لای ئەوان فرە هەبوو •

لەگەڵ زەردەی خۆر هەڵاتدا تیشکی خۆر خۆی دەگەیاندە قەڵا بچووکەکەی شار •• کە کەوتبووە رۆژئاوای جادە سەرەکی‌یەکە، ئەو حەلە جمووجۆل دەکەوتە شار •• دەنگی لوول خواردنی

دەڕابەی دوکانەگان دەنگی دەدایەوە ، سیرپە سیرپی هاتنی عەرەبانەکانیش بەئاشکرا دەبیسترا •

پاش نیو سەعاتێك لەسەرووی بەنزینخانەکەوە رووەو دەربەند بوەستایتایەوە و سەیری دوکانەکانی هەردوو بەرجادەکەت کردبا دەتزانی چ قەرەبالغی‌یەك بەربۆتە ئەو ناوە ئەگەر لە هەمان شوێنیشدا قولینچکە چاوێکیشت بدابایە قەلآکە ئەوە بە جوانی هاتو چۆی دەرەلینگ تەسکەکانت دەدی کە یا سەرەو خوار یا سەرەو ژوور دەبوونەوە •

رۆژی سەدەها ماشینی سپی •• سەوز •• شین ، رەنگی تر لۆری گەورەو بچووك بە جادەکەدا راستو چەپ رەت دەبوون •

قەرەبالغی بازارەکە تادەمەو چێشتەنگاو هەردەهات ل زیادەکی دابوو • لەگەلێ لاوە تویوتای لاندکرۆزەر کە لەلادێکانەوە دەهات خۆی بەشاردا دەکردو خەلکی زەردو سووری هەلدەڕشت ، کە شتیان لەلای خۆیان هێنابوو دەیان فرۆشتو کەلو پەلی پێویستیشیان دەکڕی‌یەوە •

بەردەم هەردوکانێك لەسێ چوار کەس کەمتری لێ نەوەستابوو •• مامەلە گەرم بوو••گوزەرانیان لەسەر ئەوەبوو، هەشیان بوو لەدەرەوە فەلاحەتی چاکی بوو دەورو پشتی عارەبانەکانیش لەوان کەمتر نەبوون بەلکو زیادەشی بەسەرەوە بوو ، گەر بهاتایە شتێك لەناو سندوقی عەرەبانەکانیاندا نەمابایە دەیان نارد لەماڵەوە بێ ، ئەکەر لە کڕیارەکەش دلنیا

بانایه دەیان بردەوە ماڵێ • زۆر جارانیش دەیان وت : ـ

ـ کاکە لەترسان ئەمانە لەماڵ دادەنێین ، بەخۆت دەزانی هەر تاو نا تاوێ عەرەبانەکانمان لووس دەکەن ، ناهەق نین •

شتی قاچاخ لەشارەکەدا دەست دەکەوت •• بۆیە سواربووی ئەو ماشینانەی کە بەوێدا رەت دەبوون کەمێك لێی دەمانەوە ، ئەم دوکانو ئەو دوکانو ئەم عەرەبانەو ئەو عەرەبانەیان دەکردو بەدوای شتدا وێڵ دەبوون •

لەو گۆڕەپانەی کە ماشینی لادێکان لێی دەوەستا ماشینێك خۆی بە گۆڕەپانەکەدا کرد •• چەند کەسێکی هەڵ رشت ، هی وابوو پریاسکەیێکی بەدەستەوە بوو هی واشیان بوو بەدەستی بەتاڵ دادەبەزی • هەریەکەو چاوی دەدایە لایێ هەروەکو لە پێشەوە نەخشەی بۆکێشابێ • (وریا)ش لەگەڵ ئەواندا دابەزی •• چەند هەنگاوێك دوور کەوتەوە ، هەڵوەستەیێکی کرد وەکو بلێی قاچی لەزەویدا گیربووبێت ، چاوێکی بەم لاو بەو لادا گێڕا ، دەستی بەرۆیشتن کردەوە ، سەیری دوکانەکانی دەکرد ، لەبەر خۆیەوە ناوی ئەو شتانەی دەوتەوە کە داوایان لێکردبوو بەنیازی لەبیر نەچوونەوە • بەچەند کەسێ گەیشت چاكو چۆنیان لەگەڵدا کرد ، بەڵام ئەم زۆر درێژ دادڕی نەدەکرد دەیویست خێرا پێویستییەکانی سازبکات •

کورتە بالا •• ڕۆیشتنێکی وردیلە ، خۆشڕۆ • ئەگەر یەکێ بیناسیبوایە لەدواوەش بیدیایە بەڕۆشتنەکەیەوە دەیقۆزتەوە •

لەبەردەم دوکانێکدا وەستاو وتی :ـ

ـ خاڵەگیان یەك دوو قوتوو دۆشاوو دوو کیلۆ حەڵوام بۆ دانێ •

دوکاندارەکە سەیرێکی کرد ، زەردە خەنەیێك نیشتە دەمو چاوی •• هەڵسا •• پشتی کەوتە ئەو ، بەرەو ساڵەهای ساڵی گێڕایەوە :

[ ڕۆڵە ئەورەحمان بچۆ شارو هەندێ دۆشاوو حەلوای شەکر بهێنە لەبەر ئەختەر یەك دوو ڕۆژی ماوە منداڵی ببێ ] •

ـ دەی خاڵۆ •

شتەکانی وەرگرت ، پارەکەی دایە ، ڕووی کردە ئەو بەر جادەکە •• چاوی دایە دوکانێك و تەکانیدا •• زیڕەی ئیستۆپێك خەلکی ئەم سەرو ئەو سەری جادەکەی قولاغ کرد •• ئەمانەی نزیك ڕاچەنین ، ئەوانەی لەژووری دوکانەکاندا بوون هاتنە دەرەوە •• مامەلە لەدوکانەکانی نزیکەوە وەستا •• هەر بابابوو ڕووەو ماشینی زریکە لێهەڵساو ڕای دەکرد، هەر کەسەو لەترس کەسی مخۆی • خوێنو دۆشاو لەسەر جادەکەدا تێکەڵاوی یەکتر بوون ، حەڵواش بەو ناوەدا پەرت بوو ، خوێنو دۆشاو ڕووەو شۆستەکە ڕێچکەیان کرد ، ڕێچکەیەکیان پێش ئەوەکەی تر کەوتبوو ، قوتوویەکیش بەساغی پەڕیبووە بن شۆستەکە • کەس بەزمان نەگەیشتە سەری • قەرەبالغیەك جادەکەی بەبن خۆداگرت • ئەو ماشینانەی کەبەرەو دوو شاری پێچەوانەی

یەکتر دەچوون وەستان • لەناو قەرەبالغی‌یەکەدا چەند کەسێ ناسیانەوە ، هەڵیان گرت •• جەستەی بێ گیانیان گەیاندە نەخۆشخانە • قەرەبالغی‌یەکە بەرە بەرە تەنك بوو،هی وا هەبوو تازە ڕووەو شوێنی کارەسات دەیکوتا ، ماشینەکانیش دڕیان بە خەڵکەکەدا •• دوو دوو سێ سێ کارەساتەکەیان دەگێڕایەوە •• شارە بچکۆلانەکە لەبن کارەساتەکەدا خنکا • چەند ڕۆژێ رووداوی ئەم کارەساتە لە دەروونی خەڵکەکەدا پەنگابووەوە هی وا هەبوو لەدوای رووداوەکەدا کە بەوێدا ڕەت دەبوو چاوی دەگرتە شوێن ڕووداوەکە ، ئەگەر ماشینێکیش بەخێرا جادەکەی ببڕیبوایە لەبەر خۆیانەوە دەیانوت :

ـ هێشتا خوێنی ئەو کوڕە جوانەمەرگە بەجادەکەدا وشك نەبۆتەوە ئەوان وا لێ دەخوڕن ، چاویان قایمە •

« ٤ »

(زارا) کە چاوی بەبراژنەکەی دەکەوت سکی بەپێش دەمی کەوتی‌یە چاوی دەپەڕی‌یە پشتی سەری‌و رابوردووی بە بیر دەهێنایەوەو لەبەر خۆیەوە دەیوت :

ـ راوەستێ دارێك بدەم بەروحتا تا دەمریت پێ‌ی بتلێیتەوە، خۆ هەرچی لەوەپێش کردم سەری نەگرت هینەکەی تۆش جارێك بوو گرتی ·· ئەگەر من زارابم نەیەڵم منالەکەت فرچك بە شیرەکەتەوە بگرێت · خۆ تۆ بوویتە درك‌و لەچاوی‌مندا چەقیت ، ئەگەر تۆ نەبوای ئێستا منیش برێ منالم‌هەبوو ، بوویتە سەبەبی ئەوەی براکەت نەم‌خوازی‌و تۆش بوویتە سنگولکە هەردەم لەپێش چاومی ، نەخوازەلاش براژن ·· هیچ نا براژن ، منیش بە هینەکەی ···

بەرەو رووشی مەشرەف خۆش بوو ·· وەی نەدەکرد دەرکی پێ بکات··جار جارەش کە بە بیری دەهاتەوە جڵەوی لەدەستە خۆ دەردەچوو ·· رق‌و کینە لە دەروونیدا کەفی دەکرد ، شەلم کوێرم ناپارێزم پەلاری دەهاوێشت :

ـ ئەگەر ناحەز نەبوایە ئێستا ئێمەش منال‌و مێردمان هەبوو·

ـ خوا سەبەب کارت بگرێ ·

ـ ئەللاهو ئامین ·

ـ ئەرێ براژن ، چەنێکت ماوە منالەکە دانێ‌ی ·

ـ دوو ٠٠ سێ ئاوا ٠
لەم قسانەدا بوون منالێك هات‌و پێی وت :
ـ باجی زارا وتی ئێستا دێم ٠
سەری بۆ لەقاند ، رووی لە براژنی کردەوەو وتی :
ـ بچۆ ئیسراحەت کە ٠
وەك دووکەسی زیزبوو هەریەکەو بەلاییکدا وەرچەرخا ٠
گەلاوێژ قسەکانی دشی بە بیر دەهاتەوە ، خۆنەکردی لەبـەر خۆیەوە دەیوتەوە :
[ ـ ئەگەر ناحەز نەبوایە ئێستا ئێمەش منال‌و مێردمان هەبوو]٠
چەند جار وتی‌یەوە ، هەروەکو یەکەم جار بێ گوێی لـــەم قسانە بووبێت ٠
تەتەڵەی پێدەکرد ، هەڵی دەوەشاندەوە ، لەناوەوەیدا کەوتە هێنان‌و بـــردن :
« سەیرە ٠٠ تا ئێستا قســەکانیم بەهەند هەڵنـەگرتبوو ٠٠ کەچی راستەوخۆ بەردەکان بەقەبرغەی من دادەدا ٠٠ هەبێ نەبێ مەسەلەی گۆرینە ، دیارە تێکدانەکـەش بەئیشـی من دەزانی ٠٠ باشە ئەو وەختە من دەسەلاتی چیم هەبوو ٠٠ سەیرە ٠
لەم لاشەوەزارا لەسەر لبادەکەی پەنا سێبـەری دیوارەکـــە لەتەنیشت دایکی دانیشتبوو پێی وت :
ـ دایەگیان لەبەر براژنم ناردوومەتە دوای مەنیج ٠٠ حەزم لێیە چاوێکی پێ بکەوێ‌و ئاگاداری بکەم کـە لەئـــان‌و وەختی

خـــۆی دایـــه ٠

ـ باشت کردووه ٠

مەنیج بە حەوشە کـەوت ٠٠ دانیشــت ٠٠ دۆی بـۆ هات ٠٠ پاشان زارا ڕووی تێکردو وتی :

ـ باجی مەنیج حەز دەکەم براژنم ببینی ، ئەو چەند ڕۆژانەش ئاگات لێمان بێ ئەگەر سەفەریشت ببێ مەیکە ، نەوەك لەناوەـ ختێکدا پێویستمان پێت ببێ ٠

لە هۆدەکەی خۆشێتی ئەگەر دەچیتـە لای ، کـە ڕۆیشتیشی بتـبیـنـم ٠

دوو جگەرە خۆری پێ چووو نەچوو .مەنیـــج لەبەردەم زارا وەستابوو ٠٠ ژوورێکی چکۆلانە هەردووکیانی لەباوەش گرت ٠

ـ ها ٠٠ چـــۆنە ! ؟

ـ بێ قســـــورە ٠

دە دیناری‌یەك لەناو لەپی مەنیجدا ئارامی گرت ٠

ـ ئەمەیان لەگەڵ هیچدانی‌یە ، خۆت دەزانی وریای بـــرام چەند خۆش دەوێ ، ئەم شەکرو چایەشت لەبیر نەچێ ؟

ـ خوا براکەت لێ نەسێنی ٠

ـ بەڵام براژنەکەم تۆزێ گێلۆکەیە ٠٠ منداڵیشە ٠٠ دەترسم نەزانی مەمکی بداتێو ٠٠ حەزیش ناکەم شیری خــۆی بداتێ ، بافرچك بەشیرەکەی نەگرێ ، بۆ من ئاسانترە ، خـــۆم بەشیری قوتوو بەخێوی دەکەم ، بار سووکیشە بۆیان خۆ من تازە ٠٠٠٠ ،

ناشمەوێ کەس لێت بزانێتەوە ئەگینا ••• دەبڕۆ خوات لەگەڵ •

بەلەقە لەق دەرچوو •• قسەکانی لە کەللەیدا دەزرنگایـەوە لەدەرگای حەوشە ئێستێکی کرد •• دەستی بەڕۆیشتن کردەوە ، لەبەر خۆشی‌یەوە دەیوت :

ـ عفریتە••هەر برا گەورەکەی هەبوو ئەگەر لەدەمی بدابایەوە، ئەمە یەك دوو ساڵیشە لەدنیا دەرچووە.خۆی بووەتە میر ، دایکیشی هێندەی چنگێـکی لێ مـــاوەتەوە • ماڵیش زۆرو •• ئینجا خوا بەخێری بگێڕی •

«٥»

دارەگەی (زەنان) بەسەر یەکێ لە گردۆلکەکانی ڕۆژ ئاوای دێکە دا چنگی لە هەناوی زەوی‌دا گیرکردبوو • بەسەر گەلێ شوێنی پێ دەشتی گەرمیان‌دا ملی هەلکێشابوو ، لەدێکانی بناری شاخی (هەنجیرە) بەدیوی گەرمیان‌داو هەندێ لە دێکانی دەشتەکەدا بەجوانی دەبینرا ، ئەو دارەی سالەهای سال وەکو پاسەوانێکی بەوەفا چاوی لەزووربەی ڕووداوەکانی ئەو دەشتە بووە ، ناو سکی بووەتە خەزنەو هەموی لێ تۆمار کردووە ، سێبەرەکەشی سەدەها ڕاوچی پشووی لێ داوە ، چەندەها پەرگە ـ ندەو بێ ولات هەواریان لەبن خستووە •

خۆر لەڕاست دارەکەدا هەنگاوی ئاوابوونی دەهاوێشت ، هێور •• هێور دەنیشت ، زەردەی خۆراوا تێکەلاوی لقو پۆپی پاسەوانی سالەهای سال دەبوو ، دیمەنێکی سروشتی بێ هاوتای دروست دەکرد ، ئەو دیمەنەی ملیۆنەها ملیۆن جار دووبارە بوویتەوەو دەبێتەوە • لەوحەلە سێ چوار ماشین رووەو چەمی بەردەمی دێکە شۆڕبوونەوە ، تایەی ماشینەکان وردە ماسیو قرژالو گیان لەبەرەکانی تری ئاویان ڕەواندەوە ، قوڕو لیتەی سەر ئاوخست ••

تالخی دێکەیان زڕاند • تەرمەکە گەیشتە حەوشە •• زاقو

زیق بەرز بووەوە نیوەی ئاسمان ، دارەکەی زەنان ئەم کارە ـ ساتەشی لە هەناوی خۆیدا تۆمار کرد ، زاقو ز یقو شڵپو هۆڕی لەخۆدان چۆلەکەی گوێسەبانانی هەڵفراند ، گوێی بەمەڕو بزنو گایەل قیت کردەوە •

بروسکە ئاسایی هەواڵ بەدێکانی نزیك خۆیانەوە بڵاوبووەوە • کەزی کرانەوەو قـژ رووتاندرانەوە ، فرمێسك هاتنە خوارێ • گەلاوێژ لەپشت سەریەوە دانیشتبوو سەردولکـەی بەسـەردا دەوتو قژی دەرنی‌یەوە ، ژنان بەسەر جوانە مەرگو مـردووە تازەکانی خۆیان هەڵدەوت • شێوەنێـك بەدەوری جـەنازەدا بەسترا ، تەپەی مست کوتان بەسەر سنگو لێدان لەشلکەی ڕان دەگەیشتە دەرەوەی حـەوشە ، مـرۆڤی دڵ رەقی دەتاسـاندو دەیهێنایە هـەژان •

پیاوەکانلە دەورو پشتی مزگەوت کۆبوونەوە ، چیرۆکی لـە دنیا دەرچونی وریا بەسـەر زاری پیـاوەکـانی مـزگـەوتدا دەگەڕا •• شڵپو هۆڕو زاقو زیقیش بەردەوام دەهات •

فانۆسو لۆکس لە مزگەوتدا داگیرسا ، تەگبیری ناشتـن بۆ بەیانی زوو ڕێکخرا •

بڕیاردرا جەنازەکە لەناو ژناندا دەربهێندرێ ، هەواڵی لـە هۆش چوونی گەلاوێژ گەیشتە مزگەوت ، زیاتر ڕشتی کـردن لەسەر ئەوەی جەنازەکە بۆ مزگەوت بڕفێنن •

جەنازە دەرهێندرا •• ژنان بەدوایەوە لەخۆیـان دەدا ••

دەنگێ بەسەر هەموو دەنگەکانی تردا زاڵ بوو :

ـ ئەی هاوار ڕۆیشتو جارێکی تر سەر بەم حەوشەیەدا ناکاتەوە . چەند ژنێکیش باوەشێنیان لە گەلاوێژ دەکرد .. ئاویان دەپرژاندە دەمو چاوی •

ژنانی دوای جەنازە گەڕانەوە لەناوەندی حەوشەکەدا ئەلقەی شیوەن بەسترایەوە ژنێك دەیوتو ئەمانی تر دەیان گێڕایەوە .. مستیش بەیەك جوولە دەکوترایە سەر سنگو تەپەی دەهات .

گەلاوێژ شێت ئاسایی رەفتاری دەکرد ، جار ناجاریش وەکو یەکێکی پەرکەمدار دەکەوتە لرخە لرخو هەناسە سواری ، سەری بەلاییەکدا لار دەبووەوە ، کە تۆزێ هۆشی دەهاتەوە بەر خۆی دەیوت :

ـ لەکەس نەقەوما لەمن نەبێ ، لە خۆم بەخت رەشێ •• لەخۆم ماڵوێرانێ بەتەمای چ بووم چیم بەچاوی خۆ دی •

* *

لەسووچێکی حەوشەی مزگەوتدا سێ مەنجەڵ ئاگری لەبن دەسووتا ، لەولاشەوە شوێنی شووشتنو تاتە شۆریان ڕێك دەخست ، لەبەر ڕووناکی لۆکسەکەش ژنێك کفنەکە دەدروی شوورا •• کفن کرا •• لە مزگەوت دانرا •• سێ چوار قورئان خۆێن دەستیان بەخوێندن کرد •

مانگ بەسەر شاخی دەربەند (باسەڕەو)و ٠٠ لەراست (دێلێژە)دا هەڵهات ، بەسەر *(ئەشکەوتە قورئان)دا بەرە بەرە بۆ ئاسمان دەکشا ٠٠ شەوقی مانگەشەو لەئاوی چەمی خوار مزگەو ـ تەکەیدا ٠ ئاوەکە دەبریقایەوە ٠

بەرە بەرە شەوەفێنکەکە ڕادەشکاو هیلاکی بەخەڵکەکەوە دیار دەبوو ، هیلاکی هەندێکی ڕووەو ماڵ کردەوەو هێندەکەی تریشی لە شوێنەکەی خۆیاندا پاڵخست ٠

قورئان خوێنەکانیش نۆبەتە خوێندنیان ڕەچاوکرد ٠٠ شەوو هیلاکی شیوەنی بە ئافرەتەکانیش کەمتر کردەوە ٠

---

★ ئەشکەوتە قورئان : ئەشکەوتێکە لەشاخی (دێلێژە) دایە ٠ لەوەختی خۆی قورئانو چەند کتێبێکی پیرۆزیان لێ داناوە لەترسی فەوتانو بردن بۆیە ئەشکەوتەکە بە (ئەشکەوتە قورئان) ناو نراوە ٠

نەگەڵ نوێژی بەیانیدا دەنگی قەبرلێدەرەکانو ترپەی قەبر لێدانیان لە قەبرستانی ڕۆخ چەمەکەدا فێنکی بەیانییەکە وەکو گەیەنەرێك دەیگەیاندە گوێچکە ·

زاقو زیقی ژنان بەرز بووەوە ·· جەنازە ڕووەو قەبرستان بردرا ، قەبری تەنگو تاریك گرتییە خۆی ، دارەمەیت بە سووکی بۆ مزگەوتو بە خەمێکی خەستو قورسیش بۆ گەلاوێژ گەڕایەوە ·

تەدارەکی پرسەگرتن لەمزگەوتدا ڕێكخرا ·· دەستە دەستە خەڵك لە مزگەوت دادەنیشتنو هەڵدەستان ، پرسە گەرم بوو · لەبەردەم مزگەوت دەدیت هەندێ دێتو هەندێ دەڕوات ، هەیانە ڕێی (ژاڵە) دەگرێ ·· هەشیانە لەدێی (صوفی سەن)ەوە دێ ·· هی واش بوو ڕێی (زەنان)و (احمد لەوەندی) دەکوتا · خۆ ڕێی شاریش ئەوە ماشین کوژانەوە نەبوو ·

دەنگی عەشەرە قورئان لەپەنجەرەی مزگەوتەوە دەگەیشتە چەمەکە ، دە دووازدە کەس ئەم بەرو ئەوبەری دەرگای حەوشەی

مزگەوتیان گرتبوو •• ڕێزیان لەهاتوانو دەرچوانەوە ، دەنا • ئەلفاتیحا •• ئەلفاتیحا لەمدەمو لەودەم دەردەپەڕییە دەرەوەو دوولێوی دانیشتوان لەجوولە نەدەکەوت •

دەم نادەمیش بەفراوێکی سارد بەناو خەڵکەکەدا دەگێڕدرا• هەندێ جاریش ئەمانەی قاپی مزگەوت لەگەڵ زاقو زیقی ژنانو دەنگی شیوەندا قولاغ دەبوون •

● ★ ●

هەر کەسێ چاوی پێ بکەوتایە وایدەزانی دەمێکە بێوەژن بووە . لە ژوورەکەیدا قاچی لێ ڕاکێشابوو . ئەسرین لەچاوەکانیدا چۆڕاوکەیدەکرد ••گەرمی ژوورەکەش زیاتر هەناوی جۆش-دابوو ، دەروونی وەك سەماوەر دەکوولا ، گیانی بەسەر ئاوو ئاردقە کەوتبوو ،چاوی بەچوار دیواری ژوورەکەدا گێڕا •• ئەوی بووکێنی هاتەوە یاد کە وریا هاتە لای ئەو ژنانەی لە ژووری دا بوون چۆلیان کرد ، شەرمی بووکێنیت بەڕوودا •• ڕووت لێوەرگێڕا •• پێی وتی :

ـ بەخێر بێی •

لەبن لێوانو وەڵامت دایەوە ، جامێ شەکراوت بۆ ڕاگرت•• دیسان پێی وتی :

ـ ئینشاللا وەکو ئەم شەکراوە شیرین دەبین •

خۆ نەکردی لەپڕمەی گریانیدا ، دەمارو ماسولکەکانی

خاوتربوونەوە •

مەنیج لێی بەژوورکەوتو کەوتە دڵدانەوەی ، هەر چەند، دڵی دەدایەوە ئەو زیاتر جۆشی دەسەند •

ــ کچم سەبرت ببێ بەگریان هیچ پێك نایێ •

ــ سەبرم تەواو •• ئەگەر من نەگرییم کێ بگری •• خۆزگە منیش لەدوای ئەو نەدەمام •

بەقسەی لێهاتوو کەوتە دڵدانەوەی قسەیێ لەملا یەکی لەولا چەندەها نموونەی شیاوی بۆ هێنایەوە •

ــ زۆر چاك لەقسەکانت دەگەم ، بەدەستە خۆم نی‌یە •• لەژوورەوەدا دەکوولێ لەدەسەڵاتی مندانی‌یە ،خۆ دەزانم بەدادو فیغان هیچ ناکرێ •• بەڵام ئاگرەو لەگیانم بەربووە تا دەکوژێتەوە دەمسووتێنێ •

لە باوەشی خەمو تەنیاییدا جێی هێشت هەنگاوی نایە هەناوی حەوشە ، لای نەکردە ناو خەرمانی ژنان ، تەماشایێکی تێگرتن •• هێنان و بردنێك لەدەروونیدا هەڵدەقوولا دوو لێوی لەگۆ نەدەکەوت و کەسیش تێی نەدەگەیشت •

بەتەنیشت کوندەڵانەکەدا رەتبوو •• کوندەڵان هەوارێکی خاڵی‌بوو لەمریشكو عەلەشیش•دیاربوو دەمێ‌بوو ئەوهەوارەیان جێهێشتبوو ، چونکە قۆرتیلکەکانی ژێر کوندەلانەکەلەتکەتکی کوندەکان پڕببوونەوە ، هەندێکیان سەر رێژیان کردبوو •

قاپی حەوشە بەدەستە ژنێکی گەیاند ، بەلەخۆدان خۆیان بۆ

حەوشە هەڵدەکوتا ، خۆی لەگورە نەبرد ، بەرەوماڵەکەی ڕێگەی دەپێچایەوە ، دای بە تەك کەلاوەکاندا ، ئەوەندەی دیبوو هیچ هەستێکی نەجووڵان • لێکدانەوەی بەلایێکی تردا گیرسابووەوە• هەناوی چەشنی کتێبێکی نەکراوە گەلێ شتی تیابوو ، دوو لێوی لەسەر یەك ئارامی نەدەگـرت ، هەر گـەیشتە حەوشـە وەکـو یەکێك پرسیاری لێ کردبێ •• دەستی پێکرد :

ـ باوکی ئاسایی ڕەفتار دەکا••ماڵ بەماخۆی نەچی حەرامە، هەریەکەیان بەچەشنێ پەل داوێ ،خۆ لەوەختی خۆیدا لـەترسان نەبوایە دەچوومە بـەردەمی حکومەت هەمووم هـەڵدەڕشت •• ئەو هەموو زەوی زارەی بەراوو دێمو زەوی (ڕێحانە) و هەموویم دەوت ، ئێستا سنگم شەقکەن گەلێکی تێدایە ، دارەکەی (زەنان) ئاسایی بێ ئاگانیم •• ئێستاش تێ ناگەم ؛

وەك هەستی لەشتێ ڕاگرتبێ بێدەنگ‌بوو •• قسەکانـی (زارا)ی لەمێشکیدا زرنگایەوە :

[خۆم بەخێوی دەکەم کێم هەیە لەمان زیاتر ، بافرچـك بـە شیری دایکی نەگرێ ، خۆم بەخێوی دەکەمو سەریشیان ڕەحـەت دەبێ •• گێلوکەیە •• مناڵیشە نازانی بەخێوی بکات ] • سـەرم سوڕماوە خۆم بەملا دادەدەم دڵێم نەء••بەولادادەدەمدەڵێم‌وانابێ، تۆ بڵێی ئەوەندە دڵ رەق بێ •• بڕوا ناکەم •• ئەو واگەیشتە جێی حەقو •• وادەزانم هەر چ مەقسەدێکی بووبێ لەگەڵ ئـەو تازیەو خێرەدا دەروات •

«٧»

سێ ڕۆژبوو هەناوی زەوی گرتبوویە خۆ ٠٠ سێ ڕۆژیش بەسەر بێوەژن بوونی گەلاوێژدا تێپەڕیبوو ، سەر خۆشیکەران لەدوو ڕۆژی پێشوو کەمتر ببوونەوە ، ژانەکەشی لەڕۆژەکانیتر توندتربوو ، لەبەر قەرەبالغی دانی بەخۆیدا گرتبوو ٠٠ نەیدەهێشت ئای و ئۆفی لەدەرگای ژوورەکەدا بچێتە دەرەوە ٠٠ تەنیا یەك دوو جارنەبێ ژانەکە دەستی لێسەندبوو شیوەنەکەی دەرەوە بە بنە خۆی دابوو • ژانی سکی و کەف و کولی لەدنیا دەرچوونی هاوسەری یەکیان گرتبوو • چەمابووەوە ٠٠ باری گرانتر کردبوو ، حەژمەتی ئەو دووانە بە مێردی جوانە مەرگی گەیاند :

ـ خۆزگە ژانی دواییم دەبوو ٠٠ منیش دەهاتمە لات ٠٠ کۆلم لەکۆڵی ئەو دەردە سەریە دەبووەوە ، چونکی دەزانم ئیمڕۆ ڕۆژی خۆشمە •

دشەکەی لێی بەژوور کەوت ، بەمۆنییەکەوە سەیری کرد ، کەچاوی پێ کەوت تێیگەیشت ، سەدقینی لێ قووت دایەوەو پێی وت :

ـ ناردوومەتە دوای مەنیجو ٠٠ تێمگەیاندووە •

پێی نایە ئەودیوی دەرگا ٠٠ لەگەڵ مەنیجدا بەرەو ڕووی



Scanned with CamScanner

یەکتر بوونەوە ·· بەگوێیدا چرپاندی :
ـ چیم پێ وتبووی وادەکەی ؟
ڕەنگی هەلبزرکا ·· ویستی بەسەر خۆی نەهێنێ ·· دەمی تێك ئالاَ ·· لە قسەکردن دواکەوت··وەکو تازە سۆسەی قسەکەی کردبێ پێی وت :
ـ وام دەزانی مردنی براکەت لەبیری بردیتـەوە ؟!
ـ تەنیا مردنی خۆم لەبیرم دەباتەوە · سەرتان لێ دەدەمەوە ·
یەك دووانێك بەرەو ڕوویان چوون ، خۆیان بۆ ژوورەوە هەڵدەکوتا بەر پەرچی دانەوەو وتی :
ـ بگەڕێنەوە دوایی شەوارەتان دەکەوێتە سەر ·
ئەم قسەیە سەری بە مەنیج بادا ، دوو ژنەکەشی ڕێو ڕێ گەڕاندەوە ، پێچەوانەی یەکتر دەستیان بەڕۆیشتن کردەوە ·
مەنیج لەگەڵ ئەو یەك دوو هەنگاوەیدا لەبەر خۆیـــەوە وتی
ـ تا ئێستا شتی وام کەم دیــوە !؟
ژوورەکە قووتیدا ·· کە چاوی پێی کەوت ژان بەبنە خۆی گرتووە دڵی کزاندەوە ، لێی چووەپێش ·· چووەپێش ·
زۆران بازی لەنێوانژانو ژیندا بوو ·· لەسەر پشت لێی کەوتبوو جیڕەی ددانەکانی دەهات ، ئای و ئۆفو نقەنــق لەدەم دەردە پەڕین ، چەند پارچە پەڕۆکێك لەمبەرو لەوبەری جەستەی دانرابوو ، مەنیج فەقیانەی گورج کردبوو ، هەڵیدابووە ســەر پشتی ، هەر دوو باڵی بەنیوە زیاتر بە دەرەوە سپی دەچووەوە ،

دەتوت قەسابەو بۆ سەربڕین خۆی ئامادە کردووە • وەك مامۆستا وابکە وامەکە وا بجوولێوە •• وا •• ڕێنمایی دەکرد .

ژان پەنجەکانی بەگەلاوێژ کردبووە مستەکۆلە ، ئارەقــە زەنگول زەنگول بەڕوویدا دەهاتە خـــوارێ ، حوججـــەتی ژان ڕووداوەکەی ئەو ساڵەی هێنایەوە یـــاد :

[ ساڵی تالانەکەبوو لە دارەکەی پێش مزگەوتیان شەتـەك دابوو . پیاوە ڕەشتاڵەکانی دوو لنگ لەبەر بەدەوریدا دەهاتنو دەچوون ، جامانی یەکێ کەوتبووە ملی ، سەرەڕای ئەو هەمـــوو ئازارو تێهەڵدانە سەری بۆ شۆڕنەکردن، بۆیەوایاندەکرد خەڵکی دێکە چاو ترسێن بکـەن ، بەڵام مێرمنـــداڵەکانیش کـە لـەوێ ڕاگیرکرابوون ددانی قینو تووڕەییان لەسەریەك قرســـاندبوو ، چاویان لێ زەق کردبـــوونەوە • تێیـــان دەخـــوڕی بیانگەیێنتە مەبەستیان ، نقەی لەدەم دەرنەهات دواجـــار سمێل فشـــەکەیان دەمانچەکەی لێ هەڵکێشاو ••• ]

– دایك ئەو ئازارە دەبینێ بۆیە ئەوەندە بەسکیخۆیەوە کولە•

– هەموومان هەر وابووینــە •

– گیانم بۆی دەرچێ ، ئاخۆ چ ژانو ئازارێکی پێگەیشتووە کە ماشینەکە بەبنە خۆی داوە •

ماسولکەکانی سکی لێك کشـــابوونـــەوە ، پێستی لەژێرەوە تووشی نیمچە تەقینێ پچڕانێك هاتبوو •• ڕەنگی دابووە سەرەوە و هەندێ پەڵە پەڵەی ورد شوێن مێکوتەی کۆن ئاسایی دەبینرا •

قاچەکانی دایە لەرزین ، وەك تەزووی کارەبا بۆ سەرەوەو
ەرەوەتر هەلکشا ، پێستی سکی جوولەیەکی ئاشکراتری تێ-
کەوت ، بۆ چەند جارە چاوی ئەمسەرو ئەوسەری بن میچی
ئانووەکەی کرد ، پتر مستە کۆلەکانی توو ند کرد ، ئێشی بڕبڕەی
پشتی زیاتر تەشەنەی کردو شێوەی قاچەکانی گۆڕی ، ئاێو
نۆفو نقەنق خەستربوو ، دشەکەی بەژوور کەوت •• مامان
وەك نیشانگری تفەنگ نیشانەی خۆی گرتبوو •

لەگەل ئەو هەموو ژانو ئازارەداتەلی بیرکردنەوەیلەرایەوەو چەند دلۆپە فرمێسك تێکەلاوی چۆراوکەی ئارەقە بوونو لەبەر خۆیەوە بە کزییەوە وتی :

ـ ئەگەر بمایە دەبوو چیبکردایە ! چۆن دلی سوار دەبوو •• ئاخۆ کێ مزگێنی پێ دەدا •

چیتری پێ نەوترا ، خوێن تێزایە دەمو چاوی •• ماسوولکە-کانی دەمو چاوی کرژبوونەوە ، گریانی ساوایەك ژوورەکەی ئاوەدان کردەوە •

ـ مزگێنی کوڕە •• کوڕ •

بەدەم ژانو لێو کرۆژتنەوە ، بەو دلەی کەهێشتا برینەکانی خوێن چۆراوکەی دەکردو قەتماغەی نەکردبوو بەرەو دوای گەڕاندنەوەو قسەکانی جوانەمەرگی هاوسەری لەمێشکدا زرنگایەوە :

[گیانەکەم بەیانی دەچمە شار بۆ ئەو شتانەی کە داوات

گردبوو] له هورژمی گریانی دا ، ئاوڕێکی لەمەلۆتکەی ناو سەبەتەکە دایەوە ، کە وەك یاپراغ پێچرابووەوە •

ـ ئەگەر خۆی بمابوایە ئێستا شیرینی دەبەخشرایەوە •

دشەکەی فرمێسکی لەچاوان تێزا •• یەك دوو هەنسکی قووت دایەوە ، تەماشایێکی گرتە مەنیج •• یەك دووجار لێوەکانی جوولان ، ماسولکەکانی گەرووی خۆیان نیشاندا ، دەتوت فلیمی بێ دەنگەو ورتەی لە دوولێوی دەرنەهات •

مەنیج پەردەی ڕەشی بێدەنگی‌یەکەی هەڵدایەوە :

ـ زاراخان بۆ بەلای میوانەکانەوە ناچی ، شکور وا نەجانی بوو •

ـ قەینا ئێرە زەروورترە ، دایکم وا لەوێیە ، چۆن بەجێی دێلم ، لەگەڵ ئەم قسەدا چاوی چەقاندە نێو چاوە سوورەکانی براژنی ، وەکو نێرو مێ لەیەکتری مڕبوونەوە • زارا ڕووەو دەرگا وەرچەرخا،دەستی لەکچە عازەبێ هەڵتەکاند••تێی‌گەیاند •• هەردوو لەشوێن پێیاندا بەپێچەوانەوە وەرچەرخانەوە •

دەنگێ گەیشتە ناو هەردوو چینی پرسە •• سەڵەوات درا •• ئاواتی چاك خواسترا ، خزم‌و خۆیش دەلاقەیەکی شادیان لەدەروونیدا کرایەوە •

بەرە بەرە رووناکی دەتوایەوەو تاریکی لەشوێنیدا هەڵدەقوولا •• ڕووناکی دوو فانۆسیش تاریکی‌یان ژوور بەدەرکرد ، لایێکی سوودزنی دەم سەبەتەکەش لەبەر فانووسەکە دەبریقایەوە ،

مەلۆتکەکە بەقورئانەکەی پشت سەری‌یەوە سپێردرابوو گریانێکی ساوا لەسەبەتەکەدا بەرز بــووەوە •• گەلاوێژ باڵی درێژکـــرد ، دەستەکەی تریشی بۆ مەمکی برد •• مەنیج پێی وت :

ـ نا •• نا ئێستا شیرت پیسە تا سێ چوار ڕۆژی تر هەر نابێ •

زارا لەدەمی وەرگرتەوەو وتی :

ـ نا •• نا ، نابێ •

لەگەڵ قسەکانیدا سەیری مەنیجی دەکرد •• مشتی ملاکە چایێك شەکراو کەم کەمە بۆ یەکەمین جار لەدنیای سروشتدا خرایە سەر لێوی ، چێژی شیرین بێدەنگی کردەوە •

زارا بەناخی خۆیدا شۆڕبووەوەو •• کەوتە دوان :

« ـ شەرت بێ نەیەلم فرچك بەشیرەکەت بگرێ،داخت لەدلمدا، قەدیمان وتوویانە جێی مست پێ‌لەقەیە •• خۆبگرە •• ئــــەو منداڵەی بەشیری دایکی بەخێــو نەکرێ مەیلــی دایکیشی کەمتر دەبــــێ » •

پاشان ڕووی تێکردو وتــی :

ـ گەلاوێژ •• فێرە شیری خۆتی هەرمەکە ، چونکی ئەمە بووە سەبووری هەموومان ، ئێمە کێمان هەیە لەو توفلە زیاتــر تۆش وەکو ئێمە ، بە هەموومان دەیگرینە خۆ •• وانی‌یە نەنە مەنیج •

ـ ئم •• ئم •• ئا بەلێ •• بار سووکی‌یە بۆ ئەمیش •

دیسان نقوومی ناوەوەی خۆی بووەوە :

« شەرت بێ نەیەلم پێتەوە بنووسێ •• مناڵ مناڵی خۆمانەو

خۆم بەخێوی دەکـەم •

ئارامی‌یەکی خستە دەروون براژنەکەی کە وتی :

ـ ئاسوودەکی بخەوە دڵـت بەلای ئەمەوە نەبێت ، خـــۆم دەبمە پاسەوانی *

سەری رەزامەندی لەقاند ، زارا وەك براگچکەی چیرۆکـە ئەفسانەییەکان نۆبەتی گرت •• بـەدەم نۆبەتەکەیـەوە خـۆی وادەهاتە بەرچاو کە لەتەنیشت مەلۆتکەیەکەوە ڕاکشاوە ، چاوی ڕەشکەو پێشکەی دەکرد،هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا،لەدەروونی خۆیدا دەیـوت :

« چیم لەژنان کەمترە ، دەبێ شـتێکم لـەوان کەمتر بـێ ، یا هەمووی بەختو نێو چەوانە ، شەلو کوێر نەماوەتەوە•••

کۆخەیێکی مەنیج هێنایەوە ژووریێ ، ئـەو شـەوە خـەو پـێی نەوێرا •

بەرە بەرە شەو دەڕەویەوەو دنیا بەرەو کازێوە هـەنگاوی دەنا ، تاقە رۆژێکیش خۆی لەقەوارەی تەمەنی مەلۆتکەکە دەدا •

---

★ لە کوردەواریدا لەناو هەندێ بنە ماڵەدا وا باو بووە تاحەوت رۆژ بەدیار (مناڵ)ی تازەبوو ئێشـکیان دەگـرت • بەمەزەنـدەی خۆیان لەهێرشی (شەوە)یان دەپاراست :

«٨»

که مەنیج گەیشتەوە ماڵێ مەلای بەیانی بانگیدابوو ، پەردەیێکی تەنگ دڵی سواڵ دابور ، حەزی بەوەدەکرد ناو دڵی هەڵبڕێژی ، دڵ تەنگی‌و قورمی‌یەکەی توورِ بدات ۰

پیرەمێردەکەی ڕووی تێ کردو وتی :

ـ مەنیج گرژی ۰۰ گرژ ۰

ـ دڵم توونده ۰۰ دەشتەوێ بڵێی بۆ ؟!

تێی گەیاند ۰۰ دەرکی هەگبەی رابوردووی پیرەمێردی والا کردو دەستی بەهەڵ ڕشتن کرد :

ـ ئاوا سی‌ساڵێ پێش ئێستا ، عەسرانێك چـــوومە بەردەمی باوکی زاراو پێی وتم :

[دوو رۆژی‌تر دیسان مەحکەمەمانە ۰۰ دەبێ بەیانی ئـەو دوو تەنەکە هەنگوینەو ئەو هیزەڕوونە ببەیتـــە مـاڵی حاکـــم ۰۰ ئەوەی چەند جارە بۆت بردووە ، لەوێشەوە دەچیت دوو شایە ـ دەکە دێنی‌و بەبیریان بێنەوە دێ هەر دێی منەو بەشی کەسی تری تیانی‌یە ، ئەو دەستە جلەش ببە تا تۆزێ لێ بوەشێ‌یەوەو ماقولانە بیت ۰ خۆ پێویست ناکا پێت بڵێمەوە لە پێش حاکم چ دەڵێی ۰۰ ،

[ ـ قوربان وەك سی‌پارە لەبـەرم کردووە دەرسی مامـــۆستام ڕەوانـە ۰]

ـ مەنیج ئەو چەند جارەی چووینە مەحکەمە ، ئاخـر زۆری خایاند کەمتر ڕوو بەلای هەقدا دەکرا ٠٠ خاوەن هەق هەر بەش خوراوبوو ، مەسەلەکەش سمێل چەورکردنو ئاوا ٠٠ خۆ لـــەم دوایی‌یەدا ئاگاداری هەندێکی هەبووی ، ئێمەمانانیش ببـووینە پشت بەستی ، خوا هەڵناگرێ خەتای ئێمەشی زۆر تێدا هەبوو ٠ ئینجا تۆ چیت دیوە ئەمانە هەر لەکۆنەوە ئیشیان بووە ، بەرە ـ چەڵەك لەبابی‌یانەوە بۆیان جێ‌ماوە ٠٠ هێشتا ماویەتی ٠

وەلحاسل پێی‌ناوێ لەمەزیاتری لەسەر بڕۆم زۆرم پێ‌مـاوە

ـ سەیرە ٠٠ سەرم سوڕماوە ٠

ـ سەرت سوڕنەمێنێ ئەم ئیشانە هەر لەخۆیان دەوەشێتەوە٠٠ مەسەلەیەك هەیە دەڵێ «هەتا سەربمێنێ قوون عاجباتی‌دەبینێ» ڕاستی‌یەکەشی من لام سەیر نی‌یە چونکی دەمێکە لەناویدا ژیاوم٠

# بەشـــی دووەم

«٩»

دارەکەی (زەنان) چەند بەهارو پایزو زستانو هاوینی تری بەسەردا تێپەڕی ، چەند لقی لێمردوو چەندەهای تازەی دەرکرد ·· سەرەڕای ئەو هەموو تۆفو ڕەشەباو کـرمی ژێـــر زەویو ئافاتو ، هێرشی ئادەمیزاد ·· لەجاران سەوز ترو دلگیرتربوو ، گەلێ جۆگەلە لەسەر زەویدا کـوژابوونەوەو چەندیتـر ڕووی زەوییان هەلکۆلیبـوو و جۆگـەی تـازە دروسـت بووبـوو ، هەندێکیشیان ڕێڕەویان بۆلای تر گوێزابـووەوە · ئەو بـەردە بازانـەی کـە نزیکەی شەش سـاڵ لەمەوبەر وریا لەبوارەکەدا بەسەریدا پەڕیبووەوە ، چەند جار لافاو ڕایمالی بوونو بەردە بازی تر لەشوێنیاندا دانرابووەوە ، لێواری چەمەکە زیادو کەمی تێکەوتبوو · (بەردە قارەمان)ی بەسالاچوو پاسەوانی (دەربەندە وشك) یش چی وای لەڕۆژانی شیخ کەمتر نەببوو ، بەلکو زیاتر ناودار ببوو بۆ نەوەی تازەو ببووە هـەوێنی قەلەم بەدەسـتان ، دەمی دەربەند لەجاران بەرین تر ببوو ، گەلێ دێهات سـوتاو ئاوەدان کرابووەوە ، بوخچەی مردن گەلێ کەسی وەك مەنیجو هی تری پێچابووەوە ، تەمەن درێژیشی بەکەسانی دی بەخشیبوو ·

هەرچەند ڕۆژ دەبووە هەفتەو هەفتە دەبووە مانگو مانگ دەبوو بەساڵ تەمەنی گەلاوێژ زێتردەبوو·· پتر هەستیبەتەنیشت

چۆڵبوون دەکرد ، دەروونی وەك ڕۆنی قرچاو ٠٠ دەقرچسایەوە پتریش هەورازو نشێوی ژیان خۆیان پێ نیشان دەدا ، نیشانەی پرسەو ماتەمینی هەر پێوە دیاربوو ، شادیو زەوق لەدەروونیدا داماڵابوو ٠ چیقڵدانۆچکەی بچوکتر ببووەوە ، کەم وابوو بتوانی خۆی بەرامبەر دیتنی منداڵ بگرێ ،ئەگەر منداڵێکیشی بگرتایەتە خۆی وای بەخۆیەوە دەنووساند دەیویست ببنە یەکگیان ، سەری دەخستە سەر دڵیو بەنەرمییەکەوە دەیوت :

ـ کزەی جەرگم ٠٠ ئەردەلانی منیش هەر لەتەمەنی تۆدا دەبێ ،

که ئاخی هەڵدەکێشا هەناسەی بۆنکرووزی لێ دەهات ، هەر کەسێکی دەست کەوتایە حەزی بەوە دەکرد دڵی بۆ واڵــی بکاتو کەفو کوڵیژانــی بۆ هــەڕڕێژێ ، بۆ ســاتێك هەســتی بەبار سووکییەك دەکرد ٠

کــە دەستەخوشکــەکانی دەچوونــە سەردانــی منداڵەکانیان نەدەبرد ، هەر جارەی دەستە خوشکێکی بدیبوایە لەنووکەوە بۆی دەگێڕایەوە وەکو هیچ جارێ بۆی باس نەکردبێ ، بۆ زووربەیان ئەمەی دەوت :

ـ تێر شیری مەمکمی نەخوارد ، بەڵکو شیری خۆمم هەرنەدایێ

ـــ ســاویلکە بووم بڕوام پێکــرد ٠٠ نەمزانــی داوەوە بــۆی داناومەتەوە ٠

دەمێ بوو کەسی دەست نەکەوتبوو دڵی بۆ بکاتەوە ٠٠ پەستی یەکی ئەستوور دایکرتبوو ، ئەگەر نەناسێکیش بیدیایە دەیــوت

وەرمــــدارە •
خۆر ئەو توندو تیژی‌یەی نیوەڕۆی نەمابوو •• بەرامبەر ئەو ڕێگایەی کە سەری دەکردە دێکەیانەوە دانیشتبوو •• پشتی بە دیوار دابوو ، بۆ چەند جارە تاچاوی بڕی دەکرد ئەم سەرو ئەو سەری ڕێگاکەی بەچاو مالّی ، وەکو چاوەڕوانی هاتنی بکـــات ، لەگەلّ ئەو تۆزە ڕۆشناییەی دەروونیدا کەوتە قسەکردن :
د ـ ڕۆلّەگیان •• هەردەم چاوم لەڕێتە ، هەربۆرایەك لــە ڕێگادا بدینم بەتۆی دەزانم‌و دەلّێم ئەوە سندمی شکاندووەو بۆنی دایکی هەلّی‌گرتووە،تەقەی دەرگای حەوشە دێت دەلّێم ئەردەلاّنەو خۆی دەکوتێتە باوەشی تامەزرۆمەوە •• کە دەنگە دەنگی مندالاّن دێت دەلّێم ئەوە هاتووەو لەناو مندالاّندا گیری خواردی‌یەو یاری دەکــــــات •
چاوی بەرێگاوە هیلاك ببوو••چەند دلّۆپ فرمێسکی قەتیس بەرەو خوار شۆڕبوونەوە ، دوو سێ جار پێلّوەکانی لەسەر یــەك جوولاّندو هیلاکی لە چاوانی دەرکرد ، پێنج سالّی چاوەڕوانی‌و نەدیتنی زێدە جەرگی ئارەقی بــە دلّــی دەکــردو ئــاخ‌و ئۆفــی دەزاندە هەناسەی •
دیسان لەناوەوەیدا کەوتەوە سکالاّ کردن :
د ـ کێ هەیە بتوانی پێنج سالّ خۆڕاگرێ‌و مندالّی نەبینێ ، کە بەتەمای بووم بۆنی باوکی لێوە بکــەم ، ببتە دار دەســتەم‌و بەرامبەر خواستی ژیان خۆمی پێ ڕاگیر بکەم•لە دنیا دەرچوونی



Scanned with CamScanner

باوكيم لەبیر ببات ، ئەردەلانی من ئێستا بالآی ها ٠٠ ئەوەنــدە دەبێت ٠٠ قژزەرد ٠٠ چاو شین ٠٠ ڕەنگ ئاڕەنگی زەردە چاوی دایکی ؛ چاو ماندوو ٠٠ وێڵ بەدوای دایکی ، دەڵێن ئیمساڵ چۆتە مەکتەب کوڕی دایکی ٠٠ وێڵبووی دایکی مەکتەبلی‌یە ٠٠ هــەی بەقوربانی مەکتەبی بم قوربانی ڕێگەی بەر پێی‌بم ٠٠ خۆزگــە ساتێك چاوم دەبووە چاوی مامۆستاکەی‌و تێر ٠٠ تێر تەماشــام دەکرد ٠٠ بەخــوا ڕۆلەگیان هەر دوو چــاوم وەك ئاسمان بەسەر سەرتەوەیە ، دڵم خەبەر دارە ئێستا خۆی کردووە بەدایکت‌و تۆی شاردۆتەوە لەمــن قــەت بە هەڵەش بەســەر زمانی دانایێ باسی منت بــۆ بکـــات ٠٠ بەڵام‌دەزانم ناتوانێ لەدەروونیدا ڕاستی لەبیربکات ، بەخوا وەکو دڕك دەچەقمە دڵی ٠

هاتنی نەسرینی دەستە خوشکی هێنایەوە بن دیوارەکە ٠٠ یەکسەر ڕووی قسەی تێ‌کردو وتی :

ـ دڵم ساف بوو بە قسەیم کرد ، من گوتم ئەوانیش وەکو مــن جەرگیان سووتاوە هەرچی پێ وتم کردم ، لەیادمــە جارێکیــان وتــــــی : ـ

[ نەکەی مەمکی بدەیتێ ، نازانی ٠٠ نەوەك شەوێکیان بەسەر بێشکەوە خەوت لێ بکەوێ‌و یا٠٠٠، مەمکولەکە سەلامەت ترە ] ٠

ـ قسەکەیم بەهەند هەڵگرت ، تێر شیری خــۆم نــەدایێ ٠٠

شیرم وشکی کرد ٠٠ بە مەمکۆلە بەخێومان کرد ، چەند لای مـــن دەبوو دوو ئەوەندە لای ئەوبوو ، بەهەندەم هەڵنەگرت ، چونکی چۆن منالّی من بوو ئەوها منالّی ئەوانیش بوو ، چۆن سەبووری من بوو سەبووری ئەوانیش بوو ، بەلاّم مەبەستی لەژێـــر ڕاییم نەدەزانی لەدلّ سافیم بوو ، دوای ئەوە کەوتە، بیانوو پێگرتنم لەسەر ختەو خۆڕایی ســـفتەو سۆی دەشکانـــدم،ئەمەت ســـوێرەو ئەمەت ترشـــە ، درەنگ دەچیتە بێـــریێو ماســـت بـــاش هـــەوێن ناکەیو ٠٠ شێری لەملا ریویێ لەولا ماڵەکەیان لێکردمـــــــــــە دۆزەخ ٠٠ چەند جار دەریکردم لەبەر خاتری دووچاوی ئەردەلاّن هەموویم لەبیر دەچووەوە ، کەسیش نەبوو بەر پەرچـــی داتـــەوە خەسووم بوو دەسەلاّتی ئەوی نەبوو ، شووبراکەم لەوەدا نـــەبوو بتوانێ بەرامبەری بوەستێ ، ڕۆژی چەند جار بە ڕووی دادەدامو دەیـــوت :

[ منالّ منالّی خۆمانەو بڕۆوە کاول بووەکەی باوکت ]

بەجارێ دەیپساندم کە ئەمەی پێ دەوتم خۆم بەسەر دەستو قاچی دادەداو دەمـــوت :

[ ــ بەکارەکەرێکی ماڵەکەم دابنێ٠٠ئیشتان بۆ دەکەم پارچە نانێکی رەقیش دەبێ بیخۆم ] ٠

[ ــ قوزەلقورتێك بخۆی ، مەگەر ئاوا تۆڵەی خۆ بکەمەوە ]

[ ــ تۆڵەی چی تۆ باوکی منت وا ٠٠ وا لێکرد ٠٠ تۆڵە٠٠ تۆڵە خۆ دوژمنی باوك کوشتەی تۆ نیم ] ٠

ـ ئەمەنی ئەردەلان ساڵێ دەبوو نەدەبوو ڕۆژێکیان بەگراسی بەرم پاڵێکی پێ وەنامو دەری کردمە دەرەوەو منالی ساوای لەبەر مەمکم هەڵگرت ٠٠ گەلێ نووزامەوە ٠٠ هاوارمکرد ٠٠ هێز دڵی بەردبوو ئاوڕی لێ نەدامەوە ٠

ـ تۆش دەتەوێ بەو جۆرە بەرێتە سەر ، هەموو ڕۆژێ چاوت بکەیتە دوور بینی ڕێگا ، پێنج ساڵ بەس نییە ٠٠ تاکەی ناپەیتەوە هۆش خـــۆت ٠

ـ چ بکەم ٠٠ تا دەمرم چاوم لەڕێیـــە ٠

ـ کەس نەما قسەی لێ نەکا ، تۆش تازە ئەوەڵتە دەتوانی کارێ بکەی ٠٠٠

ـ نا ٠٠ نا لەقسەت دەگەم هەتا بێ هیوی نەبم بیر لەمەیـــان ناکەمەوە ٠

ـ پێویستە بیربکەیتەوە ، کە وەخت بەسەر چوو ناگەڕێتەوە.

بەجوزتە وەکو دوو ئەفسەری لەشەڕ شکاو پـلانیانە دادەنار هەڵیان دەوەشاندەوە ، دەمنادەمیش گەلاوێژ تیچاوێکی دەگرتە ڕێگاکە٠ خۆریش لەچەشنی ساجێکی سوورەوە بوو وردە ٠٠وردە لەڕاست گردولکەکانیڕۆژئاوا دادەبەزی، تیشکێکیمەیلەو سووری بەخشیبووە گردۆلکەکانو تابلۆیەکی دڵگیری نەخشاندبوو ٠

زارا وەك پەروانە بەدەوری برازاکەیدا دەهات‌و دەچـــوو ، ئەوەندەی ڕوودابووبە کاری کردبووە سەر دەروونی‌و گـــرینۆك ببوو • هەر ئەوەندە گڕناگەی لە شتێ بدا بوایەو بۆی مەیســەر نەبوایە دەستی بەگریانەکەی خۆی دەکردەوەو خۆی لەخـلْتۆرێ وەردەداو گریانەکە بە خواستەکەی دەگەیاند •

وشەی دایە شەوو ڕۆژ چەند جار خۆی بە گوێچکەی دادەداو بە هیچ کلۆجی ڕۆژی بەوە نەدەدا پەردە بەسەر ڕاستی‌دا هەڵمـــا ـ ڵــدرێ •

تێپەڕبوونی پێنج شەش ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا پشتی بە زارا ئەستوور کردبوو ، لە لایێکی تریشەوە تیشـکی گـــەرم‌و بارانی بەهار ئاسایی چۆن بەفر دەتوێنێتەوە ئەوها ببووە هـۆی هەڵوەشاندنەوەو سەر نەگرتنی ئەو هەموو تەقەللایەی درابوو بۆ گێڕانەوەی براژنی •

گەلێ جار وەك ئەو سەربازەی شانازی بەسەرکەوتنی خـۆی دەکات لەبەر خۆیەوە دەیوت :

ـ هەموو ڕێگەییێکم لێ‌گرتن •• هەموو تەقەلـــلاییێکـم پـێ هەڵوەشاندنەوە ، تۆڵەی خۆم سەندەوە ، خورشتێ بەدەستی خۆت نەیخورێنی دانامرکێتەوە •

پەردەیەکی ئەستوور وەك ناوەندێکی تاریك بەسەر ڕووداو وەکەدا هەڵدرابوو ‥ سڕکوم کرابوو ‥ لەیادی زۆربەی خەڵکی دەرچوو بوو ٠ کلیلە ون بووەکەی قفلی دەم بوخچەی باسەکە لە سکی نەهەنگ‌دایەو نەگیرە ٠

لەملاشەوە شێی تەڕی ببووە ژەنگێکی ئەستوورو قفلەکەی سواق دابوو ‥ زمانەی ناوەوەی بەستنی قفلەکــەش ژەنگ خواردبوویو لاوازی کردبوو ٠

دوای دوو سەدو بیستو پێنج دەقیقە قوتابیان لەژێر سـایەی بەگوێی مامۆستادا بەرەڵلابوون •• هەر لەدەرگای قوتابخـانەوە هەستیان بە سەربەستی کرد ، هەریەکەو کتێبی بن هەنگڵی لـە چەقی بەرەڵلابوون ڕاستو چەپ بڵاوەیان کرد ، بەساپ ساپێنو یاریکردن لەقوتابخانە دوور دەکەوتنەوە ، برسێتیش پاڵی بـە هێندێکی ترەوە دەناو تامو بۆی خواردن لیکاوی دەمیانی دەهێنایە خوارێ •

ئەردەلان دەستی بەجانتـایەکی زەرد شۆڕببووەوەو وردە •• وردە ڕووەو ماڵەوە هەنگاوی دەنا • سەیری ئەمو ئەوی دەکرد•• بیری بەلای قسەکانی مامۆستاکەیدا هەڵفڕیبوو • خۆی بـــۆ هەورازەکە ئامادەکرد •• هەورازەکە شێوەی ڕۆیشتنی گۆڕیو بڕبڕەی پشتیشی کەمێ ڕووەو پێشەوە برد •

قەرە بەقەرەی ئەو قوتابی‌یەکی لەو باوخۆشتر هەنگاوی دەنا، دوورو نزیك لەگەڵیدا دەڕۆیشت •• دەمنا دەمیش ئاوڕی لێ ـ دەدایەوە • نیوەی هەورازەکە بە یەکی گەیاندن •• هەڵوەستە ـ یێکیان کرد •• قوتابی‌یەکە ڕووی دەمی تێ کردو وتی :

ـ مامۆستا لە ئێوەشی پرسی ناوی دایکت چی‌یەو چەند ژوورتان هەیەو •• ئەو شتانە •

ـ نا ..

ـ هەموت وت ؟

ـ هەندێکم زانی‌و ئەوی تریش بەیانی .

یەك دوانێکی تر پێیان گەیشتن .. خۆیان دایە سێبەری دیواری خانووەکەی نزیکیان ، دەستیان بەقسان کردەوە .. سێبەرەکە گەرمایی لەشیانی دەردا .. دەستیان بەڕۆیشتن کردەوە .

ـ ئەردەلان .. ئەردەلان باوکم دەیوت‌ئازارا دایکی تۆ نی‌یە ،

ـ با .. با !!

ـ ئیمشەو پیاوێك لەماڵمان بوو گوێم لێ‌بوو بەیەکەوە باسیان دەکرد ، لەوەگەیشتم کەدەیان وت دایکت ماڵی لەبناری ئا ئەو شاخانەیە ، دەستی بۆ ڕێزە شاخەکان درێژکرد .. ملیان بەلای شاخەکە سووڕاند .. تیشکی چاویان تێ‌گرت .

تەواوی هەورازەکەیان بڕی .. تەختایی‌یەك ڕێی بەزخۆش‌کردن ، کەسیان نقەیان لەدەم دەرنەچوو ،لەیەکتری داپچڕان .. هەریەکە ڕێچکۆلەییێکی سپی پاتی‌گرت،حەوشەک ئەردەلانی قووت‌دا .

ـ بەخێر بێیتەوە ئەردەلان گیان .

ـ دایە مامۆستا ناوی دایکمانی پرسی ؟!`

ـ ئینجا چی‌تیایە ناوی دایکی خۆت نازانی !؟

ـ وتم .. وتم .. بەڵام ... کوڕەکەی حەمە بەیجە دەیوت

زارا دایکت نی‌یە .. وتی .. دایکت ماڵی .. لەبناری شاخە .
ئەم وشانە بوونە بەرزاییێك و لێی فڕێ درایە خـــوارێ ..
ھەستی ھەتەپە سووڕی‌یەك کرد .. دڵی تێك‌چوو .. ڕەنگـــی
ھەڵبزڕکا .. یەك دوو ھێلنجی‌دا .. ژان و ژوویەك کەوتـــە
ریخۆڵەکانی‌یەوە .

ـ ئای ئەم ژانە لەژانەکەی ئەو ساڵە دەکات کە دایکـم هات و
پێی وتـــم :

[ کچم زارا مەسەلەکە ھەڵوەشایەوە ]

[ مەسەلەی چی .. دایـــە ]

[ سوارە ھەواڵی ناردووە ... ]

[ ئـێ ]

[ پەشیمان بۆتەوە تۆی ناوێ لەبـەر .. ]

[ ھەموو لەژێر سەری گەلاوێژی خوشکێتی ]

[ نـا .. نـا ئەوچی بکات .. وتوویەتی دوو خوشکی تری
شوویان کردووە مناڵیان نەبووە .. با لەئێستاوە نەبێ باشـترە
نەوەك لەدواییدا شتی تری بە دەمەوەبێت ...

[ ـ ئەمە بۆ وات لێ‌ھات .. ڕەنگت بۆ وا ھەڵبزرکا ]

[ ـ سـکم .. سـکم ]

ـ دایە ئەمە بۆ وات لێ‌ھات .

ـ ھیچ نی‌یە .. بڕۆ بەلای نانەکەتەوە .

تیشکی خۆر لەبەر چـــاویدا ئـەو روونـــاکی‌یەی جـــارانی

نەمابوو •• دەتوت لەسەر سەری دەسووڕێتەوە ، وەکو یەکێکی تازە بەنج بەری‌دابێ وڕێنـــەی دەکـــرد ، ئەم ســـەرو ئەوسەری حەوشەکەی کرد •• لە قاپی حەوشە دەرچووە دەرەوە •• کەرووی کۆڵانێکی تەسك قووتی‌دا •

★ ★

ئـــەردەلان پارووە نانێکی بەدەســـتەوە گرتبوو هێدی هێدی بەپەیژەکە سەرکەوتە سەربانەکە •• وەکو دووربین چاوی دایە ریزە شاخی سەرووی دێکەیانەوە ئەم سەرو ئەو سەری شاخەکەی کرد ، لەبەر خۆیەوە وتی :

ـ دایکم لەبناری ئەو شاخەیە •• ئەی دایە زارام چی‌یە ؟

بەجارێك‌و دووان تەسکینی دڵێ نەهات •• شـــاخ بەشـــاخ، دۆڵ بەدۆڵ پێدا هاتـــەوە •• کـــە دوا پارووی قووت‌دا هەستی بەگەرمی خۆرەکە کرد ، پەیژە •• پەیژە دابەزی ، کە گەیشتە بەر سێبەرەکە قەوارەی چاوی‌و بیلبیلەی هاتەوە دۆخی جاران•• پەڵە پەڵەی بازنەیی‌و شێوەی ترلەپێش چـــاوی دەزان‌و بەرزونزم دەبوونەوەو هەندێکیان هەندێکی دەخواردو پان‌و پۆڕتر دەبوون‌و دەتوانەوە •• بەچاوی نیوە تاریك‌و ڕوون ڕووەو دایە گەورەی هەنگاوی نا •• ڕووی تێ‌کردو وتی :

ـ دایە گەورە لەبناری ئەو شاخانە دێ زۆرن ؟

ـ بەڵێ •• بۆچی دەپرسی •

ـ حەزم کرد بزانم •
ـ زارا بەحەوشە کەوتەوە •• ئارەقەی دەردابوو •• ئەگەر چرچاوی دایکی خراپ نەبوایە دەرکی بەشێوانی ڕەنگ‌و ڕووی دەکرد • بەدەوری ئەردەلاندا هات‌و چـــوو •• قورسایێـــــك بەدڵی‌یەوە شۆڕبیبووەوە •• بەری دڵی گـــرتبـــوو •• دەروونی بیووە گرێ کۆرەیێك‌و کردنەوەی ئاسان نەبوو •
بێدەنگی‌یەك باڵی بەسەریاندا کێشابوو •• لەدەروونیـــــدا کەوتە قسەکردن :
ـ تۆ بڵێی پاش ئەوەندە ساڵە تەقەڵ‌و دوورمانی ئیشەکـەم هەڵبوەشێتەوە، هەبێ‌و نەبێ بەرتیل خۆریان کردووە بۆیە داوای ئەمەی لێ‌کردووە •
هەستانی ئەردەلان بواری بیرکردنەوەی ئاڵۆزاند •• هەڵس‌و کەوتی ئەردەلان گومانی لە دەروونیدا چاندبوو •
ـ بۆ کوێ ڕۆڵە ؟
ـ سەر چەمەکـــــە •
بەپێ‌خواسی هەنگاوی نایە بەرخۆی ، کە لەدەمی قاپی‌یەکـــە بەرەللابوو ئاوڕێکی ریزە شاخەکانی داوە •• ڕووەو چەمەکـــە شۆڕبووەوە •• تەپەی پێدانانی لەسەر تاشەبەردی نێو ئاوەکە وردە ماسی‌یەکانی بڵاوە پێ‌کرد ، روانینی چەقانـــدە شـــوێن ماسی‌یەکان •• قل قل‌و دوو قلە پەیابوونەوە بەناویەکدا دەسو ـ ڕانەوە لموزیان دەچەقانده لیمی ژێر ئاوەکە لەگەڵیاندا خـــۆی

لەبیرکردبوو •

زارا دەتوت بن پێی خڕبووە لــە هیچ شوێنێ تۆتکــەی نەدەگرت ••حەرانەی لەبەردا بڕابوو •• سێبەرێکی خەست لە قاپی یەکەدا خۆی مەڵاس دابوو •• کزەبایێکی ئەمسارو ئەوسەری دەکرد ، لە باوەشی سێبەرەکەدا سێرەی بیرکردنەوەی گرتو بە دەروونیدا شۆڕبووەوە :

[کچم ئەورەحمان بۆ سوارەی کوڕی داوای کردووی]
[دایە خۆتان دەیزانن ]

« ــ ئای بۆ ئەو رۆژە خۆشانە بەڕاستی خۆش بوو •• رۆژی وا نابینمەوە •• خۆ هیچیشم لەژنان کــەمتر نییە •• تەنیــا بەخت نەبێ ••

ئەردەلان وەکو ئامێرێکی قورمیش کــراو بــە بەردەمیدا تێپەڕی ، سێرەی بیرکردنەوەی پێ تەقاند •

ــ ئای •• ! هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە ؟

بەدووی کەوت •• حەوشەکەش بە تەواوەتی لە تیشکی خۆر هەڵێنجرابوو •• دەستی لە گیرفانی دەرهێناو خستیە نــاو لەپی برازاکەیو وەکو دوو هێڵی تەریبی لە یەکتر ڕەت بوون •



Scanned with CamScanner

دەمەو بەیان ڕەشەبا هەڵیکرد ·· کەدەیدا لــە گــوێسەبانان ڕشەو ڕشی دەهات ·· تەقو هــۆڕی بەتەنەکــە بەتاڵەکــان هێخستبوو ·· گێژەلوکەی با لە هەندێ جەوشەو پەنا دیوارانەوە دروست دەبوو · زۆر شتی شێواندو گەلێکی تریشی تێکــەڵاوی یەکتری کرد ·· بنەکای جۆخینی دراکەوتو قەســەری دەوری پشتی دێی بەکۆلانان هێخستبوو ، دڵ توندەکانی زیاتر قەڕس کردبوو ·· قسەی زمان ناسانی ئەستێرەش تەواو دەرچوو بــوو کەدوێ شەو وتبوویان «بەگوێرەی گەشی ئەستێرەو تریسکــە تریسکیان دەبێ بەیانی ڕەشەبابێ» · سەرتاســەری تەنکــاوی چەمەکەش زەلو پووش داپۆشیبوو ، وردە وردە دەکەوتنە بەر ـ لێشاوی خوڕی چەمەکەو ڕایدەماڵی ·

وەکو یەکێکی ئۆقرە نەگرتوو زوو بەخــێر کــەوت ، دەستی لەجانتا زەردەکە توندکرد ·· لە شوێنەکەیدا چەقی ·· ڕووی کردە دایکی‌و وتی :

ـ دایە چ بە مامۆستا بڵێم ؟

ـ ڕۆڵە هێشتا زووە بۆ وا بەپەلەی !

ـ ··· ···

ـ خۆم دێم‌و تێی دەگەیەنم ·

رەشەبا دایە پێش خۆی ٠٠ هەنگاوی پێ سووکتر کــرد ٠، شەرواڵەکەی لەدواوە بە گۆشتەکەوە نووسابوو لە پێشیشــەوە قەڵەو ببوو ٠ توندی باکە گەلێ جار دەستی بەجانتاوەبووی لە لەشی دوور دەهێخستەوە ، چەند جار لەپاش‌و پێشی تــۆزو بــا گەمارۆیان‌دا ، ترسی رەشەبا دەستی بەدینارەکەی ناو گیــرفانی توند کردبوو ، تەماشایێکی گرتە سەرەکۆڵانەکان ، چاوی دایــە کۆڵانێکیان پشتی بەلای چەپی دەمی کۆڵانەکەدا ٠٠ دەستی بــە پارەکەی گیرفانی‌یەوە گوشیبوو ، سەر ڕێگەی لێ‌گرت ٠ چاوی چاوەڕوانی پڕ تۆزو خۆڵ بوو ، دەمی ڕێگاکە فرێی دایە دەرەوە ٠٠بۆی‌چوو ٠٠ دەستی لەگیرفانی گیرببوو ٠٠ بۆ یەك چوون٠٠ ڕووی دەمی تێ‌کردو وتــی :

ــ رێکەوت دینارێکم هەیە ٠

ــ ئــێ ٠

ــ دینارەکەت دەدەمێ بمبە لای دایکم ٠

دەستی درێژکرد٠٠وەك دەستی بەر تەزووی کارەبا کەوتبێ ترساندبی دەستی گێڕایەوەو قسەی باوکی لەمێشکیدا زرنگایەوە:

[کوڕم تۆو ئەم قسەیە ، بەڵامان بۆ دروست مەکە ، لەباوکت پیاو تر نابی ٠٠ هاتبووە سەرو کوێلاکمان ، دەمت بگرە ٠]

ــ دینارەکەت دەدەمێ ٠٠ بۆ خــۆت ٠

ــ نا ٠٠ نا باوکم پێی ناخۆشە دەمکوژێ ٠

ــ دۆینێ خۆت پێت نەوتم ماڵی ٠٠٠

ـ وتم ‪..‬ وتم بەس باوکم لێمدەدا ‪..‬ ئەمان گەورەنـــــــە نسەدەکـەن ‪.‬

ـ وتت لەبناری ئەو شاخانەیـــە ‪.‬

سەری لەقاند ‪..‬ رەشەباکەش هەندێ جار بۆشایی تێوانیانی ئراوانتر دەکرد ‪..‬ شەرواڵەکەشیان بەملاو بەولادا لۆچــــــی خواردبوو ‪.‬

ورده ‪..‬ ورده لەقوتابخانە نزیك دەبوونەوە ‪..‬ یەك یەكو ، دوو دوو لەمخانوو لەو کۆڵان دەهاتنە دەرەوەو لـــە پێش دەرگـــای قوتابخانە تێکەڵاوی یەکتر دەبوونو قووتیدەدان ‪.‬

زاقو زیقی منداڵان لە دوورەوە دەگەیشتە گوێچکـە ‪..‬ دوو دوو سێ سێ سەریان لەدوو یەکتر نابوو حەوشەیان گێرە دەکرد ‪..‬ تەپوو تۆز لەژێر پێیاندا هەڵدەستاو لەبارستاییەك دە کەوتە بەر بایە توندەکەو قووتی دەدا ، پشتی پێی مناڵەکانیش تۆزو خۆل بەسەریەوە نیشتبوو چەند هێلێکی نیو بازنەیی لەســـــەر دروست بوو بوو ‪..‬ دەرەلنگی شەرواڵەکانیان تۆزی پێوە دیـــار بوو ‪.‬ ئەردەلان وەکو یەکێك تازە چاوی تانەی کەوتبێتە ســەر کەمتر جووڵەی دەکرد ‪.‬ لەپڕێك قژقژانەکە توایەوە هەرمنداڵەو وەکو ئامێرێ قورمیشەکەی ساردبوو بێتـــەوە خـــاوبوونەوە ، مامۆستاکان بەناویاندا رەت بوون ، هی وا هەبوو وەکو مـەڕی کەڕە ئاگای لە هیچ نەبوو هەر لەگێرە کردنی خۆ بەردەوام بوو ‪.‬ دەستیان پێ کردەوە ‪..‬ زەنگی وانە دەستپێکردن کپیکردنەوە،

ھەناوی پۆلەکان قوتابیانی گرتە خۆ ‧‧ وانە دەستی پێ کرد.
تێپەڕبوونی ئافرەتێك گوێی بەقوتابیانی نزیك پەنجەرەکان
قولاغ کرد ‧‧ چاوی دایە ژورێك ڕووی کردە مامۆستاکەو وتی.
ـ مامۆستا من دایکی ئەردەلانم دوێنێ ھێندە پرسیاری
ھەبــوو ‧
ـ ئا ‧‧ بەڵــێ ‧
مامۆستا لە دۆلابەکەیدا کەوتە دەستگێڕانو دەفتەرێکی شینی
لەبن دەستی داناو وتی :
ـ چاکت کرد خۆت ھاتی ‧‧ چونکی شتەکە پرسیــاری زۆری
تێدایە ‧
دەفتەرەکە لێك کرایەوەو وتی :
ـ ڕەسمێکمان دەوێ ‧‧ چەندەمین منالە مەبەستم چەند منالی
لەپاش و پێشی بووە ‧
ـ نی یەتی ‧‧ ھەر خۆیەتی ‧
مامۆستا لەبەر خۆیەوە :
ـ باشە ‧‧ خانوو ئەوە ھی خۆتانە ‧‧ باوکی نەماوە ‧
لێرەدا سەری بڵند کردەوە وتی :
ـ دایکی ئەردەلان ‧‧ ناوی خۆت و باوکت ‧
ـ زارا ئەحمەد ‧
دیسان لەبەر خۆیەوە :
ـ ژنی ناوماڵ ‧‧ پەیوەندی بەقوتابی ‧‧ دایکی ‧‧ ئیشی

باوك ·· مردووه ··

مامۆستا رووی تێکردەوە وتی :

ـ باشە ·· مێردەکەت «خـــوا لێی‌خۆش‌بێ» چ ژنی تـــری هێنابـــوو ؟

ڕەنگی هەلبزرکا ·· پشی سوار بوو ·

ـ مێـــردم ·· !

ـ ئا بەڵێ ؟

ـ مێردم نەکردووە ؟ گاڵتەم پێ دەکەی ! ؟

ـ بۆ ·· ! ؟ ئەی گوایە ·· ئەم منداڵەت لە کوێ بوو ؟

ـ هـا

ـ بۆ تێك چووی ؟

ـ ئێستا ئەم ئاین‌و ئۆینەی ناوێ ، زۆرباش تێت گەیشتووم ··ئەوان چەندی‌یان داوە من دوو هێندەت دەدەمێ‌و تەپسی‌کە ·

ـ ئەوان ·· ! ئەوان کێ ؟ ·· تێناگەم ! ؟

ـ با ·· زۆر چاك دەزانم چۆن فریویان داوی ·

ـ خانم ·· وا دەزانم خراپ تێگەیشتووی ·· من ئەوشتانەم بۆ گیرفان نی‌یە کەداوای دەکەم بۆ قوتابخانەیە ·

ـ بۆ چەند ساڵە ئەم ئاین‌و ئۆینە نەبووە ؟

ـ ڕاستە ·· ئەمە یەکەمین ساڵە شتی وامان بۆ دێ ·· ئـــەم (ناسنامەی قوتابی)یە ئەم ساڵ هاتووە داواشمان لە هـــەمـــوو قوتابیان کردووە ·

زارا لە دڵی خۆیدا :

« ـ ئا ·· ئەمە داواشی لە هەموویان کردووە تا تێیدا بزرکا،

ـ تۆ دەڵێی من دایکی ئەردەلانم و مێردیشم نەکـردووە ،، ئیتر ئاین و ئۆینی چیم لەگەڵدا کردووی · شتێـک هەیە و مـن نایـــزانم !

ـ نا لای تۆ شت هەیە من نایزانم · چەندییان داوە مـن دوو هێندە سێ هێندەت دەدەمێ و ئەو پەڕە وەرگێڕە ·

ـ خوشکە دڵت هیچ نەکات ·· ئێمە لەمساڵەوە بۆ قوتابیـانی تازە ناسنامەمان بۆ هاتووە پێویستە پڕیبکەینەوە ، ئا ئەوەتـ سەیری بکە ، ئێستاش زۆر بۆ کەم نەڵێین ئێرە دایرەی نفـوس نییە ، وا پێ دەچێ تۆ دایکی ئەردەلان نەبیت ئەگینا ئەم گێرەو کێشەی نەدەویست ، لەم هەموو قوتابییانە هیچ دایکێک بەئاین و ئۆینی نەزانیوە و لەتۆش زیاتر کـەسیتر نەهـاتۆتە سـەرو گوێلاکمان ·· دڵنیابە هیچ لە گوڕێدا نییە ·· تەنیـا ئـەم ناسنامەیە نەبێت ·

ـ ناسنامە ·· ناسنامە لێمان بووەتە قیڕو بنێشت ·

ـ ئێستا ئەمەی بۆ چییە ، تۆ دایکی ·· وانووسیمـــان ،، دەفتەر نفوسی هەیە بێنەو شتەکە دەبڕێتەوە ، دایکی نی نـاوی دایکی بڵێ خۆ ئێمە میرات دابەش ناکەین ·· کەسیش لـەکەس دانابـــڕین ·

ـ نییەتی ·· دەفتەر نفوسی نییە ·· وادیارە محامیـــان

...نــووه .

ـ هەرچی دەڵێی بەسەرچاو .. ڕێم بدە بڵێم تۆ دایــــکی
...ەردەلان نیت ، شتێکیش لە ئارادا هەیە من نایزانم ، چونکــی
...ەسەلەکی کوردی هەیە دەڵێ «قەل قەلاشك لەخۆی بەشك» .
...زارا وەکو مەحکەمەیەکی گەورەی دڕاندبێ بێ‌ی تێك‌چوو ،
...ەر چەندی کرد هیچی بۆ نەهات‌و ورتەی لەدەم دەرنەچوو ..
...ۆی دەرچوو .

...ڕۆیشتنی ئەو ، مامۆستای خستە دەریای لێکدانەوە :
ـ ئەم ماستە بێ موو نی‌یە .

...ەوەندەی وتو لەدەریای بیرکردنەوەدا کەوتە قەپە شەپ ..
...ەکۆشا ببێتە مەلەوان‌و سەرئاو بکەوێ .. گەلێك ئەم‌سەرو ئەو
...سەری کــرد .. تەتەڵەی وشەکانی کرد هەمووی لەکــونی
...ەرەندو بێزینگ‌دا دەکەوتنە خوارێ .

جگەرەیێکی لەپاکەتەکە دەرکێشا .. لەنــاو پەنجەکانیــدا
...سووڕاندی ، دایگیرساند .. یەك دوو مژی قووڵی هەڵکێشا ..
...ۆ چەند چرکەیەك دووکەڵ لە هەردوو کونە لووتی تووڕدەدرایە
...دەرێ ، خۆی جووڵاند کورسی‌یە دارەکەی ژێری کەوتە جیــرە
...جیر . بەردەستەکەی بە ژوورکەوت نامەیەکی دایە دەستی ، هەڵی
...پچڕی یەکسەر ڕوانینی گرتە سووچی هەرە خــوارێی نامەکــە ،
...ۆ چەند جارە ناوەکەی خوێندەوە ، حەمەڕەشید .. مامۆستا

حەمەقورشید ٠٠ هەرچەند هێنایی‌و بردی بەنەناسراوی مایەوە ٠٠کەوتە هەرس کردنی وشەکان :

بەرێز مامۆستا سیروان

پێش هەموو شتێك سلاوو رێزم بۆتان هەیە ٠

ئاشکرایە مامۆستا ڕۆلێکی گرنـــگی هەیە لەپێ‌گـەیاندنی منداڵان ، ئەو منداڵانەی کە نەوەی دوا ڕۆژن ٠٠ وەکـو وتراوە لاپەڕەیەکی سپین چیت بوێ لەسەری دەنووسی ٠ ئینجا ئەگـەر مامۆستا هەموو خواستی ئەوەبوو منداڵان فێری خوێندن‌ونووسین بکات ٠٠ وە لەپاڵ ئەمانەشدا رەوشتی کۆمەڵایەتی باش زانیاری تازە ٠٠ رێزگرتنی یەکتر ٠٠ خۆبەخت‌کردن لەپێناوی یەکتردا ٠٠تەوەزل نەبوون‌و لەم بابەتانە ٠٠ ئەوە بەڕاستی نەوەیێکـی بەختەوەرانە دێنێتە کایەوە دەرکی بە ئەرکی سەرشانی کردووەو توانیویەتی شتێ بەشتێك بکات ٠ خۆ ئەگەر واش نەبێ ئـــەوە هەمووی پێچەوانەی یەکتر دەوەستێت ٠

چاوی لەسەر وشەکان هەڵگرت ٠٠ سەیری نووسەری نامەکەی کردەوە ، لێی بووە سەربازێکی نەناسراو ٠ دەستی بەخـوێندن کـــــردەوە :

بۆ زەرنگر هیچ هونەر نی‌یە زێڕی لەبەر دەستدایەو خشـــل دروست‌دەکات ٠ بەلکو گرنگی مامۆستا لەوەدایە کە ئەو منداڵانە هەوێنێکی خاون ٠٠ زێڕو زیویان ٠٠ زیرەك‌و تەمبەلیان دیار-نی‌یە تۆ وەك وەستاییێکی کارامەو لێ هاتوو ئەوکانە بزرانـــە

بەدەردێخیو بریقەیان پێ پەیدا دەکەیت •

مامۆستا : ئا لێرەدا حەزدەکەم پرسیارێکت لێ بکەم •• خۆت لەگەڵ خۆتدا وەڵام بدەرەوە • ئایا ئەگەر دایکێك تاقە منداڵێکی هەبێ •• پێنج ساڵیش بێ نەیدیبێ ، لە یەك ساڵیشەوە منداڵەکەی لێ سەندرابێو دایکە دەرکرابێ ئەو ساو ئێستاش نەیان هێشتبێ بیبینی دەبێ ئەو دایکە ئێستا لەچ ژیانێك دابێ •

ـ خوا هەرەکەتی ئەو دایکە بدات •• لـە دۆزەخدا دەژی •• بەڵام دەبێ ئەو نامەیە بەهەڵە بۆمن هـاتبێ ! چ پەیوەندێـــکی بەمنەوە هەیە ، دەی بابزانین دەگاتە کوێ •

ئینجا دوورنی‌یە ئێستا بڵێی ئەمشێرو رێوی‌یەی بۆچی‌یە •

ـ وەللا لەرۆخیت داوە •

ئەم شێرو رێوی‌یە چی‌یە ؟ مەبەستم لەم چەند دێڕەی سەرەوە چی‌بوو ؟ با پێت بڵێم تۆ حەلقەی بەیەك گەیشتنی ئەم دووانەی یا هەر هیچ نەبێ دەتوانی تێی بگەیەنی دایکی خۆی هەیە بـۆی دەسووتێو دەکرووزێتەوە • ئـەوەی ڕاستیش بێ نامـــانەوێ پەردەیەك لەنێوان کەس‌وکاری باوکی‌دا پەیدا ببێ نەء •• تەنیا وا بکە بزانێ دایکی ماوە ، چونکی تەقەللاییێکی زۆر دراوە بـۆ نزیك کردنەوەیان سوودی نەبووە •

ئینجـا مەبەستی قسەکانی پێشەوەم بۆ ئەوەبوو کـــەئەرکی مامۆستا تەنیا ئەلفو بێ وتنەوە نی‌یـــە دەبێت گیروگـــرفتی قوتابی‌و کەسانی قوتابیش چارەبکات • بەڕاستی ئەوەندەم لـە

دڵدایە دەربارەی لەیەك کردنی ئەو دایكو کوڕە قسە وەکوکانی لەدەروونمدا هەڵدەقوڵێ نازانم کامەی بخەمە سەرکاغەز جڵەوی قسەم لەدەست دەرچووە تا ئێستا ناوەکەم نەوتووە ، ناوی (ئەردەلان)ە ئەردەلان وریا پۆلی یەکەم دایکیشی گەلاوێژ . وا لەمەسەلەکەم گەیاندی .. لێرەشدا ئەرکی من تەواو بوو ، ئەوەی ماوە لەئەستۆی مرۆڤی خاوەن ویژدانو مامۆستای دڵسۆزو لێ هاتوو دایە ، پلانی شیاوو گونجاو دەمانگەیەنێتە لووتکە .. دوا وتەشم ئەوەیە مرۆڤ بەرێی هاتو نەهاتدا ڕۆیشتوو، بەسەر بەرز ترین چیاش کەوتی‌یە .

**ئیتر خۆشیت**

**مامۆستا**

**حەمەقورشید**

کاغەزەکەی لەسەر دەقی خۆی نووشتاندەوەو لەگەڵ خۆیدا وتی:

ـ دەبێ فریشتە ئەم نامەیەی هێنابێ ؟! هی بن بەرێ هاتە سەر بەرێ . ئێ .. ئێ .. ئەردەلان .. ! ئێستا تێگەیشتم .. مەسەلەکە ئەوەبوو بۆیە ئەو ژنە ئەو دکرەساتەی دەکرد . چەندی‌یان دایتێ دووهێندەت دەدەمێ وایدەزانی بەرتیل خۆریان کردوومە ، نەیزانی زەلەیەك هەمووی پێ ئاشکرا دەکات . دەیویست چۆن دایکی لە مێشکیدا ڕەش کردۆتەوە ئاواش لێرەدا نەیهێڵی .

جگەرە کوژاوەکەی داگیرساندەوە .. بەدەم بیرکردنەوە چەند

مژێکی لێدا ·· دووکەڵ هێور ·· هێور بەرزدەبووەو لە بڵندی چەند بستێکەوە لەسەر سەری دەتوایەوە ·· دیسان لەبەرخۆیەوە وتـــی :

ـ هەروایە ·· ئەرکی مامۆستا تەنیا ئەلفو بێ وتنـــەوە نیـــــە ·

پەیا بوونەوەی دەنگە دەنگی قوتابیان پێیان پساندەوە ·· نامەکەی لێك‌کردەوە بەچاو پێداهاتەوە ، روانینی چەقانـــــدە دیوارەکەی بەرامبەری وەك بڵێی بیر لەوە بکاتەوە چۆنو لەکوێ دەست پێ‌بکات · بەدەم سەیرکردنو بیرکردنەوە لەدڵی خۆیـــدا وتـــی :

ـ دۆزیمەوە ·· پێش هەموو شتێك ئەم ڕێگەیە بەکـــــار دەهێنم بزانم چ کارێکی تێ دەکات ·

زەنگەکە دەنگەکانی خنکاند ·· بەچوونە ژووری مامۆستـــا قوتابی‌یەکان دانیشتنەوە ، بەناو ریزی قوتابیان‌دا کەوتە هاتو چۆ ·· لەگەڵ خۆیدا خەریکی وشەو ڕستە دروستکردن بوو·· دەیهێناو دەیبرد ، تەتەڵەی وشەو ڕستەکانی دەکـــرد ، بـــەدەم هاتو چۆکردنی دیقەتی قوتابیانی دەدا ، منداڵەکانیش لەگـــەڵ ئەم سەرو ئەوسەر کردنی مامۆستـــادا ملیـــان دەسووڕانـــد ، هەندێکیشیان لە پڕدێن بەسەرەوەیان‌دا لەگـــەڵ مامۆستـــــادا دەسووڕا · پشتی کردەتەختە ڕەشەو ڕوو لەقوتابیـــان وەستا ، ڕوو بەڕوو بەقوتابی‌یاندا هاتەوە چاوی لـــە چـــاوی ئەردەلان‌دا چەقاند ، تیرامانی بە سەردا باراند ، لە دەروونیشدا کەوتـــە

قسەکردن :

«ــ منالێکی وا [illegible] دایکی خۆی نەدیبێ‌و •• پێش [illegible] بێ [illegible] دایکی نەیگرتبێتە خۆ •• دوور بێ لەبۆنی سۆزی دایکایەتی • [illegible] ئەردەلان هەبێ لەدایکی •• [illegible] •• دوور خرابێتەوە لە زەمانێکە تێیدا کەوتین منالێکی و [illegible] بێ بەئاگری دەستی نەزانی ئەلەم بسووتێ ؟ بایەی [illegible] بەتوونەی هەژاندو •• تەقەی لێ هەڵساند •• لەبیر ـ کردنەوەیەکەی کرد •

کەوتە قسەکردن بۆیان :

ــ گوێ بگرن •• دڵتان لای من بێ •• ئێوە کە هاتوون بۆ قوتابخانە پێویستە فێری ڕەوشتی چاک بن هەڵس‌و کەوتان لەگەڵ منالی نەخوێندەواردا جیابێ •• ئەگەر یەکێك لەدەرەوە ئێوەی دی تێتان بگات کە ئێوە قوتابین سوودتان لێ وەرگرتووە •• کە بە یەکتر دەگەن سلاو‌و ڕۆژباش لە یەکتر بکەن • بەردە پلووکە مەهاوێژن ڕێزی گەورەتان لابێ • لەخۆتانەوە تێ‌هەڵمەکەنە قسە، خۆتان مەهاوێنە قسەکردنی لە خۆتان گەورەتر تا ڕووی دەمتان تێ نەکەن • لە هەمووشیان گرنگتر پێویستە گوێ ڕایەڵی باوك‌و دایك‌و خوشك‌و براتان بن •• بەتایبەتیش بـاوك‌و دایـك •• چونکی خوا بەگەورەیی خۆی سوێندی بەسەر دایك‌و باوك خوار ـ دووە • دەبێ قسەیان نەشکێنن یارمەتیان بدەین •

ــ ها ئەردەلان •

ـ مامۆستا من باوکم نەماوە .

ـ منیش وەکو تۆ باوکم نەماوە ، کێی تر باوکی نەماوە دەست بەرز بکات ؟ ... ئەها .. بژ نە تەنیا منو تۆ بێ باوك نین هاوڕێمان زۆرن ، نابێ دلگیر بین ، ئێمە ئەوانەی باوکمان نی یە خووی باوکیشمان دەدەینە دایکمان چونکە دایك زیاتر بەمندالەوە ماندووە ، ئەوەی دایك بۆ مندال دەیکاو دەسووتێ باوك بسۆی ناکرێ .. دایك نۆ مانگ ئێمەی لەسکی خۆیدا هەلگرتووە ، پاش ئەوە چەند سال شەونخوونی پێمانەوە دەکێشێ لەحەوت خەوی شیرین وەئاگادێتو خەریك دەبێ .. زۆر جاران باوك لەمانە هەر ئاگاداریش نی یە ؛

لەکاتی قسەکەیدا جار .. جار تی‌چاوێکی دەگرتە ئەردەلان

ـ دایە وشەیەکی شیرینە لەسەر زمانی مندالان ، دایکیش کە گوێی لێ دەبێ پێی دەگەشێتەوە ، ئینجا پێویستە دلی دایكو باوك نەشکێنین پێمانەوە ماندووبوون . دەبێ خزمەتیان بکەین، کەس هەیە لەناوماندا دایکی نەمابێ ، ماشەلـلا .. خوا بیهێلێ بۆتان . ئەردەلان بۆ وەکو ئەمانی‌تر دەستت باش بلند نەکردووە .

ـ ها .. سا .. مۆستا .. دایکم ...

ـ ئا دایکت چیتی .. نەخۆشە ؟

ـ کوڕەکەی حەمە بەیجە !

مندالەکان دایانە قاقای پێ‌کەنین .

ـ بێ‌دەنگ‌بن .. بلێ شەرمەکە ؟

سەیرێکی قوتابیەکانی کرد •• چاوەکانی فرمێسکی تێزا ، مامۆستاکەی لێی نزیکتر بووەوە •• دەستی گرت ، پۆلەکەیان جێهێشت ، لەژووری مامۆستایاندا ئارامی کردەوە .

ـ پێت نەوتم دایکت نەخۆشە ؟

ـ نا •• نا دوێنێ •• دوێنێ ••

ـ تەواویکە شەرم مەکە ، من مامۆستاتم چیت لەدڵدایە بیڵێ تا یارمەتیت بـدم •

ـ دوێنێ کوڕەکەی حەمە بەیجە پێی وتم دایکم •• زارا ، دایکی من نی‌یە ، وتی دایکی خۆت ماڵی لەبناری ئەو شاخانەیە ،

ـ تۆ چیت پێ وت ••

ـ ئیمڕۆ پێم وت بمباتە لای دایکم •

ـ ئینجا ئەو چۆن دەتوانی •• دیـارە باوەڕت بە قسـەکەی کردووە •

ـ لەماڵەوەش بە دایکم وت مامۆستا لەناوی دایکمانی پرسی ، هەستم کرد قسەکەمی پێ خۆش نەبوو •

ـ ئەی ئێسـتا ؟

ـ حەز دەکەم بچمە لایو بیبینم •

ـ وەکو خۆت وتەنی کوڕەکەی حەمە بەیجە ڕاستی کردووە ، تۆ مناڵ بووی گەلاوێژی دایکت چۆتەوە ماڵی باوکی •• ماڵـی باپیرت ، چاویشی هەر لە تۆیەو لەبیری نەکردووی •

ـ ئەی بۆ نایەتـەوە ؟

ـ دێتەوە •

ـ کەی ؟

ـ پەلەت نەبێ •• ئەی تۆ بۆ ناچیتە لای •

ـ پێنازانم •• دواییش لەبەر دایە زارام •

ـ تۆی زۆر خۆش دەوێ •

ـ ئەی چۆن •

ـ ئەی تۆ ؟

ـ منیش خۆشم دەوێ • ئەی تۆ نەتوت پێویستە دایکمان خۆشبوێ •

ـ ئافەرین •

ـ ئەی گەلاوێژی دایکت •

ـ لەدوێنێوە مەراقمە حەزم لێیە بچمە لای •

ـ ئەی پێشتر •

ـ ••• •••

ـ گوێبگرە ، ئەردەلان من ئەمەت بۆیە پێ ناڵێم لێیان زیزبی چونکە ئەمانە کەس‌وکاری تۆن دایە زارات لەجێی دایکتە ، تۆی گەیاندۆتە ئیمڕۆ ئەمیش شەونخوونی پێتەوە کێشاوە ، تۆش ئاقڵی •• دەبێ ئەمەش بزانی دایکت •• گەلاوێژ •• تۆی زۆر خۆش دەوێ ئەو نۆ مانگ تۆی لەسکیدا هەڵگرتووە ، بیرت دەکات ، تۆش شوکر پیاوی لەو تەمەنەدا شتت لەیاد ناچێ کە گەورەتر بووی دەتوانی بچی سەری لێدەی • نەکەی لەماڵەوە

دڵیان نارەحەت کەی ••

ـ مامۆستا •• دیارە دایە زارام پێی خـۆش نەبووە ، بۆیە پێی نەوتووم •

ـ نا •• دوور نی‌یە ویستبێتی گەورەتر بیت ئینجا پێت بڵێ •

ـ بەخوا حەز دەکەم ئێستا بچمە لای •

ـ دەڵێم پەلەت نەبێ ••دایکی خۆشت بناسەو لەیادی نەکەی، هەر پێویستی‌یەکیشت ببێ تـا لێـرەم وەرە لام •• باشـــە •• دەبچۆرە پۆلەکەت •

کەبێی نایەوە حەوشەکە رەشەباکە ئەو توندو تووڕەیی‌یەی پێشتری نەمابوو •

## « ١٣ »

دەمێبوو زارا گەیشتبووەوە ماڵێ هێشتا توورەییەکەی بەـ ەواوەتی دانەمرکابووەوە ، دەتوت شتێکی ونکردییەو بەدوایدا دەگەڕێ • کە بیری لە قسەکان دەکردەوە توورەییەکەی خەست دەبووەو دەرکی بەهەڵەکەی دەکردو لەگەڵ خۆیدا دەیوت :

ـ ئەگەر ئەو زەلەیەم نەکردباو بموتایە ژنی تری نەهێناوەو دەبڕایەوە •

نازانم بۆ وا دەمارم جووت بوو خۆ ئەو چ گوناهی نەبووە من شووم نەکردووە •

وەستا •• دەتوت جوێنێکی گەورەی پێدرا •• ڕەنگی تێك ـ چوو سنگی خێراتر بەرزو نزم بووەوە •• کونەلووتەکانی زیاتر فشبوونەوە دیسان لەگەڵ خۆیدا دەستی پێکردەوە :

ـ بەڵام نا •• دەستی ئەمانی تێدا هەیە •• فێریان کردووە وا بڵێ •• باسی مێردو ئەو شتانە بکات ، بەرد بهـــاوێژی •• ئەگینا ئەو چوزانی من وامە بۆیان ڕێكخستووە • دەردی لەگیانم مەگەر بمرم ئەگینا دەبێ ئەودڕکەی لەژێر پێی دەرینم •

لەگەڵ قسەکانیدا زیاتر گرژو مۆنی لەڕوویدا خۆیان پیشان دەدا • هێشتا ماسولکەی دەمو چاوی هـــەر ناشیرین بوو کـــە ئەردەلان بەخۆیو جانتای زەردو بەڕووی گەشـەوە لەدەرگـــا بچووکەکە هاتە ژوورێو ڕووی تێکردو وتی :

ـ دایە زارا لەچیدای •

وشەکان بوونە مستێك و لەتەپڵی سەری درا •• تـاســا ••. یەکسەر هیچی بۆ نەهات.وشەکانی دووبارە لەمێشکیدا زرنگایەوە •• تێ گەیشت •

ـ دایە زارا لەچیدای •• تۆ دەزانی لەچیدام ؟! وا دیـــارە ئیمرۆ ئەو دەرسەیان فێرکردووی ! هێشتا بسمیلا دوومانـگ نابێ چوویتە مەکتەب •

ـ بۆ تۆ دایکی من نی •

ـ ئینجا دایە •• دایەیە •• زارا چی‌یە !؟

ـ ئێ دایەگیان ناوت زارا نی‌یە ؟

ـ بۆ تا ئێستا وات نەدەوت ؟

ـ ئەی بۆ پێت نەوتووم من دایکێکی تریشم هەیە •

ـ دایکێکی تر •• ئەمەت لەکوێ هێنا ؟

ـ توورە مەبە •• مامۆستا پێی وتم تۆ لـەجێی باوکیشمی ، من تۆم خۆش دەوێ •• بەڵام نەتوتووە گەلاوێژیش دایکمـە •

ـ کێ •• کێ ••!؟

ـ گەلاوێـــــژ •

دەتوت شەقازللەیەك بوو لەبن گوێیاندا •

ـ نامەوێ •• مەکتەبم ناوێ •

ـ دایە •• تۆ زیزمەبە •• تۆم بەقەد هەردوو چاوم خـــۆش دەوێ •• بەڵام ئەی دایکی خۆم •• باشە •• کامەتان منتـــان

...ەكی خۆتان هەڵگرتووە ‥ باشە دایە ئەو نۆ مانگ منی لـــە
...كیدا هەڵنەگرتووە ، شەو نخوونی پێمەوە نەكێشاوە ؟ نامـەوێ
...جێت بێلم ‥ هەر دایكمی ‥ بەڵام ‥ ئەویش دایكمـــــە ‥
منیش …

نەیهێشت قسەكەی تەواو بكات ‥ جڵەوی لەدەستەخۆ دەرچوو
بەسەریدا نەڕاندی :

ـ بەسیەتی ‥ بەسیەتی ٠

ئەردەلان بەقوڕگی پڕگریانەوە وتی :

ـ تو ‥ توخ ‥ خوا توو ‥ ڕە مەبە ‥ تۆ هەر دایـكی
منی ‥ ئاخر ‥ ئەویش وەكو تۆ ‥ وایە‥ حەزدەكەم بیبینم٠

زاراش لە حەژمەتا لێوی تەتەڵەی دەكرد شۆڕشێكی تووڕەییش
لە دەروونیدا هەڵگیرسابوو وتی :

ـ گوێبگرە ‥ تۆ دایكی ترت نییە ‥ نامەوێ جارێكی كـە
گوێم لێ بێ دەمت داخە ‥ ونبە لەبەرچاوم ٠



Scanned with CamScanner

## « ١٤ »

گەلاوێژ بەکۆڵێ خەمەوە دانیشتبوو •• کەم وابوو کوڕەکەی لەبیر بکات ، هەردەم خۆی لەبن دارێکی بێ گەڵا دەدیتەوە ، هەر کەسێ بیدیایە دەیوت ئێستا فێ بەریداوە ، سەرو مـــل خاو •• چاوتێل • ئەو دانیشتنەی دادەنیشت لەپەیکەری دەکرد تا ســـر نەبوایە نەدەجوولا • چاوی تێڕامـــان مانـــدووتی نـــەدەزانی • ڕوانگە ئاسایی لە ڕێگەکەی بەرماڵیاندا ئاگاداری دەرچـــوانو هاتوانی دێ هەبوو •

لە سووچی خانووەکەی بەرامبەری نەسرینی دەستە خوشـکی بەدیکرد ••ڕووەو ئەو هەنگاوی دەنا • چاوی تێڕامانی تێ ـ گرت ، هەردەهات وردە••وردە هێلی نێوانیان کورت دەبووەوە• گەیشت •• ڕووی قسەی تێکردو وتی :

ـ کاکە حەمەم نامەیەکی بۆ مامۆستاکـەی ئەوێ نووسیوە ، پێش ئەوەی ڕەوانەی بکات بۆی خوێندمەوە ، دڵنیام لەوەی کاری خۆی دەکات ، هەموو شتێکی بۆ ڕوون کردۆتەوە •

ـ هیچ فەرامۆشیم پێ نایە ، چونکە دڵم خەبەرداره دەزانـــم چۆنیان عاملاندووە •

ـ چۆنیان عاملاندووە •• چۆنیان نەعامـــلاندووە گـــرنـگ ئەوەیە تێی بگەیەنی دایکی خۆی کێیە ؟ ئینجا ئەگەر شیر حەڵاڵ

بێ دیار دەکەوێ •

ـ شیری قوتوو حەڵاڵو حەرامی نازانی •

ـ ئێستا ئەوەی کردوومانە باوەڕم وایە جێی خۆی دەگرێ • ئینجا با لەوە گەڕێین •• با بەئاشکراتر قسەبکەین • من وای بەباش دەزانم شووبکەی •• چەند جاری تریشم پێوتووی نەت سەلماندووە بەڵام ئێستا نۆرەی ئەمەش هاتووە •

ـ نەء •• باسی مەکە •

ـ باسی دەکەم • چونکە ئەوەی تۆ بەتەمای بووی ژنی دیاری کردووە•

ـ چی •• چی ! ؟

ـ تۆ خراپی بۆ چووی • ئەمان دەرتبکەن •• چۆن جارێکی‌تر داوات دەکەنەوە ؟ ئەو تاسو حەمام هەرماوە •

ـ ڕاستە •• بەڵام وام دانابوو ئەو کە وەختی ژن هێنانی هات دەتوانی بڕیار بدات ، لەبەر من نا ، بەڵکو لەبەر ئەردەلان•

ـ ئەردەلا[illegible] لەئامێزی خۆیاندایە••واز لەمە بێنە بەگوێی من بکە زەرەر ناکەی چونکی منیش لەگەڵتا بووم ئەگەر داوایان بکردایتەوە بەڵام منداڵیش دەزانی شتی وا نەبووەو نابێ ، دروستکردنی خۆشتە •• ناحەقیشت ناگرم • ئەگەر بەگوێشم بکەی قازانج دەکەی •

ـ قازانج ••!؟ لەپاش چی •

ـ بەڵکو ئاخر خێری •• دەزانی شووکردنەکەت بە ئەردەلانت شاد دەکات •

ـ بۆ مردنیش دەچم ئەگەر بە ئەردەلان بگەم ·· شووکردنیش پاش ئەم دەردە سەرییە ئەگەر یەکێکی لێوەشاوە نەبێ چـــۆن دەبـــێ ·

ـبۆخوشکی خۆتی لێ گەڕێ ·

ـ ئەی دایکـمو باوکـــم ·

ـ تەنیـا تۆ مـاوی بلـێی رازیـم ·· ئـەمـان لەشەکریان پێخۆشترە ·· قسەم لەگەڵـدا کردوون ، باپێشـت بڵێم کابـرا مەسەلەکەی تۆ باش ئاگـادارە · گفتیشی داوە درێغی نەکات ·· دەمێکیشە رایسپاردووم بەڵام تۆ نازانم بڵێم چی ·

ـ ئێستاش زۆرم پێخـۆش نـییە پاشی پێنـج سـاڵ دانیشتن شوودەکەمەوە ، بەڵام تەنیا دیتنی ئەردەلانی تێدابێت بۆمردنیش بێ پەلەی لێ دەکەم ·

ـ دەزانی کێیـە ؟

ـ چوزانـــم ؟

ـ مەردان ·· مەردانی نەنە مەنیج · هـەر جـارەی هاتبێتیش بۆی گێڕاومەتەوە دەیوت کاتـی خـۆی دایکـم هەمـوو شتێکـی پێوتووم ·· هەموو دەردەسەری گەلاوێژیش دەزانم ·

ـ ئەوە بزانـە هەمووشـتێك دەکـەمە قوربـانی دووچـاوی کوڕەکـــەم ·

ـهەموو شتێکم بۆ باسکـردووە ، بە هەموو شتێکـەوە پێت رازییە · چونکە ئەم داواکردنە هی دوێنیو ئیمڕۆ نییـە ·

## « ١٥ »

خواستنی گەلاوێژ بروسکە ئاسایی بڵاوبووەوە ، وەك دەهۆڵی ڕەمەزان دەنگی دایەوە ٠٠ نرکەیێکی خۆشی بوو لەلای زۆربەی خەڵکیدا ، نرکەی دەهۆڵێکی نەزانیش بوو لەمێشکی کەسانێکی تردا ٠ تویێشووی بەتامی سەرزاری چەند ڕۆژەی دێی مەردانو ئەردەلان بوو ٠

مەردان لەهاتو چۆی ناو خەڵکدا سنگی لەپێشەوە بوو ، مەردایەتیو پیاوەتیشی لەپاڵەوانی ئەو چیرۆکە ئەفسانەیەی دەکرد کە ئەژدیهاکەی کوشتو ئاوەکەی بۆ خەڵکی دێکە بەرەڵلاکرد ٠

یەکە بروسکەی هەواڵەکە زارای هەژاند٠٠ بووە هەوێنی ژانە سەرێکی توندیش ، کەموزۆر هیچی لای ئەردەلان نەدەدرکاند٠٠ خۆی نەزانو دوورە پەرێز گرتبوو ٠

تەنیاییش خەمەکانی پێ ئاڵۆزتر دەکرد ، خەمی کۆنو نوێشی بەیەکەوە دەبەستایەوە ٠ گەلێ جار لەگەڵ خۆیدا دەیوت :

ـ ئەوەی چەند ساڵە کردم بەر ڕەشەبای شووم کەوتو ئاساری لەسەر پاتاری نەهێشت ٠٠ کەسیش لەگەڵی نەکردم مەردانا ناغا نەبێ ؛ داخەکەم بۆ ڕۆژی خۆی !

ئەردەلان خۆی لەقەرەیدا بەگوێی مامۆستا دەجووڵایەوە ٠٠



Scanned with CamScanner

تەگبیرەکەی لەگوێدا دەزرنگایەوە :

[ نەکەی شتێبکەی دایە زارات لێت زیزبێ •• بەسەر خۆشت نەهێنی کە بۆ مەسەلەکەی دایکت پێتخۆشــە ]

ـ دایە نەخۆشی •

ـ کەمێ سەرم ژاندەکا •

ـ بچم لای دایەگەورە حەبت بۆ بێنم •

ـ نـــا ••

لای لێکرد •• خۆشی‌یەکی ئەوتــۆ لەدەروونیــدا خــۆی مــەلاس دابوونەیدەزانی چۆن دەری‌بڕی •• لەگەڵ خۆیدا بیری لەشــێوەی دایکی کردەوە •• بۆی کۆنەدەکرایەوە ، وەکو یەکێکی گـــەورە ئاواتی بەرەو پێش چوونی رۆژی دەخواست •



Scanned with CamScanner

## « ١٦ »

دوای سەفەرێکی چاوەڕوان نەکراو بۆ دێکەیان گەڕانەوە ، لەمەبەستی سەفەرەکە گەیشتبوو بەڵام بەربەرەکانی بۆ نەدەکرا • گەیشتن‌و نەگەیشتن پەنجەی ترس‌و هەڕەشەی لێهەڵشەقاند :

ـ نەکەی بەخەیاڵت دابێ بەملاو بەولادا بڕوێت ، بیکەئەڵقەو لەگوێتی‌کـــە •

لەم دواییەدا هەندێ جار لەقسەکانی دەماری قینی سواردەبوو، بێ دەسەڵاتی قینی پێ قووەت دەدایەوە • لەسەرڕا وشەی ناچمـــی بەڕوودا دەدایەوە •• وەکو تریش هێزی ڕاکێشـــان بـــەرەو دایکی •• تامەزرۆی پێگەیشتنی پەیمانی ناچمی لەدڵو دەروو ـ نیدا دەسڕی‌یەوەو هەموو هەڕەشـــەو گوڕەشـــەی لەبـــەر بتی خواستەکانی دەتواندەوە •

چاوی دایە ژوورێ وەك بڵێی دەنگی لەناخی‌یەوە بۆ ژوورەکە بانگی کردبێ •• لەبەردەم وێنەیێکی شەمسی قەدەرێ وەستا •• ملی بۆ درێژکرد •• خۆی هاوێشتە سەرپەنجەی پێی •• کەوتە وردبوونەوە لێی •• کەمتر پێڵوەکانی دەتروکاند •• لەئاوێنە بچووکەکەی خوار وێنەکەوە قەدەرێ سەیری کرد ••

سەیری وێنەکەی کردەوە ، چەند کەڕەت ئەمەی دووبارەو سێ بارەکردەوە ، پاژنەی پێی گەیشتەوە زەوی•قسەکەی دایە زارای

لەمێشکیدا زرنگایەوە :

[ئەردەلان تۆ کتومت باوکتی] .

چەند جاری تریش چاوی لەوێنەکــــەوە بـــۆ ئاوێنەکــــە گوێزایەوە .. لێی وردبووەوە ، لەبەر خۆی بەدەم وردبوونەوە وتــی :

ـ ئاخۆ دایکم لەکێ بکا!؟ئەگەر خوشکێکیشم ببوایە لەدایکمی دەکــــرد ! ؟

ئەمەیانی پێ ساغنەکرایەوە ، پشتی لە وێنەکــە کـــرد .. ژوورەکەی جێ هێشت ، خۆی لەحەوشەکەشدا نەگرت .. بـــە لێواری چەمەکەدا هەنگاوی دەنا . ژاڵەکانی ئەمبەرو ئەوبەری چەمەکە گوڵی سپیو پەمەییەکانی با دەیلەراندەوە ، جوانییەکی ســروشتی بەچەمەکە بەخشیبوو . لەگەڵ لێواری چەمەکـــــەدا بەردەوامی بوو ، لەمبەرەوە بەرامبەر گۆڕستانەکە وەستا ، بەچاو ئەمکێڵو ئەوکێڵی کرد .. هەندێکیان بە ئاستەم لەناو پووشو پەلاشی سەر گۆڕستانەکەدا دیار بوون

لێوارەکەی جێهێشت .. پشتی لەگۆڕستانەکە کرد .. چاوی دایە ئۆڵانێکی تەسك .. بەگەرووی کۆڵانەکەدا شــۆڕبووەوە ، لەپێش قاپییەك لەنگەریگرت .. پاڵی پێوەنا .. سیـــرەی لــێ هەڵسا .. ڕێکەوت بەرەوپیری چوو .. بەجووتە دەرچوونەوە ، دەمی کۆڵانەکە هەردووکیانی ڕشاندەوە .

ئەردەلان ڕووی تێکردو وتی :

بابچینه لای دایکـــم ٠

چاویان دایه قاپی‌یەك ئەو لەڕێکەوت خێراتر هەنگاوی دەنا ، پێ‌یەك لە پێشتر دەڕۆیشت ٠٠ هەردوو لەپێش دەرگایەك مت ـ بوون ، یەك دوو جار ڕێکەوت بەناو لەپی تەقـــەی لەدەرگـــا تەنەکەکە هەڵساند ، هەستی بە چووزانەوەی ناو لەپی کـــرد ٠ دەنگێکی نیمچە دوور ڕێگای چوونە ژوورەوەی بۆ خستنە سـەر پشت ٠ ئەردەلان خۆی‌کوتایە حەوشە ٠٠ بەچاو خێرا ئەمسـەرو ئەوسەری حەوشەکەی سەحکردەوە ، دڵە چکۆلانەکەی خێراتـــر لێی‌دەدا ٠٠ بانگی‌کرد :

ـ دایـه ٠٠ دایـــه ! ؟

وشەی دایە وەك تەزووی کارەبا دایکی ڕاتەکاند ٠٠ یەك‌پێ لەژوورەکەدا هەڵسایەوە ٠٠ هەناسەی کورت‌بوو خۆی گەیانـدە دەرگای ژوورەکە ٠٠ دەستی پێوەگرت ٠٠ وەکو یەکێکی ئیفلیج قاچی هاوێشتە ئەمدیوی دەرگا ٠٠ قاچەکانی بەجارێ شنگـیان لەبەردا بڕا ٠٠ وەکو ئیسپرینك نووشتایەوە ٠٠ دانیشت ، وەك پەلەوەری دایکانە کە باڵەکانی لەکـاتی هێرشی دڕندەیەك بـــۆ جووجەڵەکانی دەکاتەوە ، هیچی بۆ نەکرا لەجێوە باوەشی بــــۆ گرتەوە ٠٠ ئەردەلان تەکانێکی تەواوی بۆ ئەو چەند هەنگاوەدا ٠٠ خۆی هاوێشتە باوەشی دایکی ٠٠ لە هورژمی گـریانی‌دا ٠٠ گریانو فرمێسکی هەردووکیان تێکەڵاوی یەکتر بوو ٠

ڕێکـەوتیش دەتـوت قاچـەکانی لـەزەوی‌دا گیـرببـوو ،



Scanned with CamScanner

نەبۆ پێشەوە نەبۆ دواوە نەجوولاّ ، دەمی حەپەسانی گرابووەوە ، وەك چاوی کامیرا سەیری دەکردن • لەناو گریان و راموسانا گوێی لەوشەی دایە دەبوو •• تەزووی بەگیانی دادەهێنا •

سووری تێزایە سەر ڕوومەتەکانیان •• خۆشی لەدەروونیاندا نیشت • دایکی سەری کوڕەکەی خستە سەر دلّی و پێی وت :

ـ ڕۆلّە گیان •• ئەردەلان •• ئێرەش مالّی خۆتە •

بەسەر سنگی یەوە سەری رەزامەندی لەقاند •• هاوڕێکەشی وردە •• وردە لێیان نزیك دەبووەوە •

باری دەروونیان هەندێ دامرکایەوە •• کەمتریش توانیان هەستی خۆیان بۆ یەك دەربڕن •• قسە کەمتر خۆی بەدەستیانەوە دەدا ، پتر هەست و نەستیان بــە چــاوو ڕاموسان دەمردانەوە ، هاوڕێکەشی وەك شاهید بە دیاریانەوە وەستابوو ، کەمێکی تریش تامەزرۆی سالاّنی نەهاتیان بەبرشتکرد • بەئومێدی دیدارێکی نزیك دابڕانــەوە •• هــەریەکە دلــی بــەلای ئەمەکــەی ترەوە بەجێ هێشـــت •

هاوڕێکــەشی لەپێش دەمی کۆلانەکەدا بــە هیوایێکی تــازە جێ هێشت • هەنگاوی چکۆلانەی نایە بەرخۆی ، دلّە چکۆلانەکەشی خۆشی دەباراند ، کەپێی نایەوە هەناوی حەوشەکە زارا بۆ چەند جارە ئەم سەرو ئەوسەری حەوشەکەی گێرەکردبوو •• توورەیێکی تیر دایگرتبوو ، پەلە پیتکەت لێ بدایە خوێن دەردەپەڕیـــــــە دەرەوە • بەقینێکی رەش بۆی چوو هەمووگیانی هاتبووە لەرزین

بەزمانی توورە نەڕانـدی :

ـ پێـم نەوتبـووی بـەمـلاو بـەولادا نـەڕۆی ٠٠! بـۆ کوێچوو بوویت ٠٠ پێم بڵێ ؟

لەگەڵ قسەکانیدا پروشکەتف دەردەپەڕینە دەرەوە ٠٠ ئەمیش هیچ سێو دووی نەکرد وەك وەڵامـی یەکێکی لەخـۆ بچـووکتر بداتەوە وتی :

ـ لەلای دایکم بووم ٠٠ ئەوێش ماڵی خۆمـــە ٠

لەگەڵ گـوێ لێبوونـی ئـەم قسـانەدا دەروونـی بـووە بەربەستێكو دەنگی لێدایەوەو ژانێك کەوتە هەناوی ٠٠ هـەر دوو دەستی لەکەلەکەی توند کـــرد ٠

١١ ـ ١ / ٢٩ ـ ٣ / ١٩٨٣
هـەولێـر